گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ژیان و ڕۆڵی عەلی عەبدوڵڵا لە بزاڤی رزگاریخوازی کورد – عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)

**پ.د. ئازاد عوبێد ساڵح**
بەشی مێژوو، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
azad.salih3@su.edu.krd

**هاژە هەڵمەت تەڵعەت**
بەشی مێژوو، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
hazha_halmat@yahoo.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٣/١
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٥/١٦
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
*KDP founded, Politics, Organized, south Kurdistan, communistic*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.18

## پوختە

لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕۆڵی کەسایەتییەکانی گەلی کورد و خستنەڕووی وێستگەکانی ژیانییان لە بوارە جیاوازەکاندا، بەشێکی گرنگی مێژووی کورد پێک دەهێنن، چونکە ئەوانە کاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکانی رۆژگاری خۆیان دروست کردووە و ئەنجامەکەی بەرهەمی تێکۆشان و هەوڵی ئەم جۆرە کەسانەن کە لە کاتی خۆی ڕۆڵیان لە گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکان بینیوە.

یەکێک لەو کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیریانەی کورد (عەلی عەبدوڵلا)یە کە لە سەدەی بیستەمدا ڕۆڵێکی دیاری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە عێراقدا هەبووە، لە خەباتی سیاسی و شار و پێشمەرگایەتی (٧٠) ساڵ لە هەوڵی بەردەوامدا بووە بۆ سەرخستنی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد بە گشتی و عێراق بە تایبەتی، کە بێگومان لەو ماوەیەدا جێ پەنجەی بە هەریەکە لە لایەنەکانی سیاسی و ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی دیارە، ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشک خستنە سەر دیاریکردنی و دەرخستنی ڕۆڵی ناوبراو لە کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان

کە ساڵانێکی زۆر ئەندام بووە تیایاندا و پاشان درێژەدان بە خەباتی سیاسی بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم.

## 1. پێشەکی:

نووسین و توێژینەوە لە بارەی کەسایەتی، بەشێکی گرینگ و بایەخدارە لە نووسینی مێژوودا. عەلی عەبدوڵلا ئەمین محەمەد یەکێک بووە لەو کەسایەتییە سیاسییانەی کورد لە چلەکانی سەدەی رابردوو بووەتە هەڵگری هزری مارکسی و لەو رێگەیەوە رۆڵێکی دیاری گێراوە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی، ئەو رۆڵەش لە چوارچێوەی ئەو چالاکییە سیاسی و رۆشنبیرییانەی کردوونی دەردەکەوێت ، چونکە کاریگەری هەبووە لەسەر پەرەسەندنی بزووتنەوەی نیشتیمانیدا. سەرەڕای ئەوەی وەکو کەسێکی سیاسی و خاوەن هزر و بیروڕای خۆی بووەو جێ پەنجەی لە زۆرێک لە رێکخراو و کۆمەڵەکان دیارە و کەسێکی چالاک بووە و رۆڵی گەورەی گێڕاوە لە گۆڕینی ئاراستەی رووداوەکان ، لە خەباتی نهێنی و ئاشکرادا ، سەرباری گۆڕانی شێوازی حوکمەت لە عێراقدا بە رووبەروو بوونەوەی حکومەتە جیاجیاکانی ئەو سەردەمە.

١.٢ پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە پێشەکییەک و دوو تەوەر پێک هاتووە، لە تەوەری یەکەم: باسی کورتەیەک لە سەربردەی ژیانی عەلی عەبدوڵلا کراوە وەک بنەماڵە و کەسایەتی خۆی و هەندێ لایەنی ژیانی، وەکو چالاکییەکانی سەرەتای بەشداریکردنی لە کاری سیاسی و رێکخراوەیی، لەگەڵ باسکردنێکی خێرای رۆڵی ناوبراو لە لایەنی رۆشنبیری. بەڵام لە تەوەری دووەمدا تیشک خراوەتە سەر رۆڵی عەلی عەبدوڵلا لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥ – ١٩٥٨، تێیدا باس لە رۆڵ و ئەرک و چالاکییەکانی لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان تاوەکو بەرپا بوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووز ١٩٥٨.

٣.١ ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە کەمی سەرچاوەی نووسراوە لەبارەی ئەم کەسایەتییە، لەلایەن نووسەر و رۆشنبیران و ناوەندە ئەکادیمییەکانیشدا، گرفتێکی دیکەش ، نەمانی کەسایەتییەکانی هاوسەردەمی خۆی بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست، سەرەڕای ئەمەش توێژەر بە پلەی یەکەم پشتی بە چاوپێکەوتن بەستووە، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە تارادەیەک لە ساڵانی دواتری وێستگەگانی ژیانیدا لەگەڵی بوون ، هاوکات دیدارەکان بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سوودی زۆری بە توێژینەوەکە گەیاندووە ئەگەرچی هەندێ لەوانەی هاوسەردەمی بوونە ئامادە نەبوون قسە بکەن، ئەوە سەرباری دەرهاویشتەکانی پەتای کۆرۆنا کە وایکردووە بە ئاسانی دەستمان بە سەرچاوەکان نەگات. ئەم توێژینەوەیە بەشێکی وەرگیراوە لە نامەی ماستەر کە پشتی بە چەندان سەرچاوەی جۆربەجۆر بەستووە ، لەوانە: " نامیلکەی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەم" کە لە ساڵی ١٩٦٨ چاپکراوە و عەلی عەبدوڵڵا خۆی نووسیویەتی ئەندامێکی سەرەکی ئەو سەردەم و شاهێدی ڕووداوەکانە و زانیاری وردی تێدایە سەبارەت بە مێژووی چالاکییەکانی خۆی لە پارت و ڕێکخراوەکانی ئەو سەردەمە ، سوودی زۆری بە توێژینەوەکە گەیاندووە، هەروەها یاداشتی ساڵح حەیدەری : " مختارات من مذكرات صالح حيدري" کە لە ساڵی ٢٠٠٤ چاپکراوە و نووسەر هاوسەردەمی عەلی عەبدوڵلایە پاڵپشتێکە بۆ سەلماندنی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە. هاوکات لەگەڵ ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لەم سەردەمەدا دەردەچوون و زانیاریان لەوبارەیەوە تێدایە، لە هەمان کاتدا پشت بە کۆمەڵێك چاوپێکەوتن بەستراوە، لەگەڵ ئەو کەسانە کەبەشێك بوون لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە.

## تەوەری یەکەم/ ژیاننامەی عەلی عەبدوڵڵا:

عەلی عەبدوڵڵا موهەندیس ، ناوی تەواوی عەلی کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی ئەمین کوڕی محەمەدە بە بنەماڵەی ئەمینی کێشکەیی [1] ناسراون . (عەلائەدین، ٢٠١٤: ١٦١ ؛ دلزار، ١٩٩٨: ٥٥ ؛ شارەزا و ئەوانی دیکە ٢٠٠٩ : ٢٠٠) . لە خێزانێکی مامناوەندی بووە ، ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ گوندی سوسێی[2] سەر بە ناوچەی خۆشناوەتی ، ناوبراو لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢ز لە گەڕەکی قەڵات لە شاری کۆیە لە دایک بووە . (عەبدوڵڵا،17/1/2021 ؛ ئەسعەد،11/2/2021).

---

[1] کێشکە: گوندێکە دەکەوێتە بناری چیای سەفین کە لە بنەڕەتدا ناوی (بێ شک) بووە. (مامە رووتە،٢٠٢١/٥/٩).

[2] سوسێ یان سوسە، گوندێکە لە دەڤەری خۆشناوەتی، دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای کۆیە ٤٦ کیلۆمەتر بە ئوتومبێل لە ڕێی قیرتاوی هەیبەت سوڵتان، دۆڵی ئەسحابان دوورە. (ئەسعەد، 11/2 /٢٠٢١).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە مێژووی لەدایک بوونی بیروڕای جیاواز هەیە[1]، بەڵام ساڵی ١٩٢٢ بە راستر دادەنرێت بە بەڵگەی ئەوەی لەزۆربەی دانیشتنەکانی ئەم باسەی کردووەتەوە خۆشکەزاکەی لای خۆی تۆماری کردووە. (ئەسعەد،١١/2/٢٠٢١).

عەبدوڵڵای باوکی عەلی دوکاندار بووە، دوکانێکی بە کرێ گرتووە و رۆژانە لە گومرگ بەرهەمی خۆماڵی وەک (جۆرەکانی سەوزە، میوە و خورما...هتد) بۆ هاتووە ساغی کردۆتەوە ، بنەماڵەی عەبدوڵڵا ئەمین لە گوندی سوسێ هاتوونەتە کۆیە، بەهۆی خراپی бارودۆخی گوندەکەیان و نەبوونی فێرگە. (غفوری، "کەکۆن"، ژ(٥٢)، ٢٠١٨: ٢٩) . ناوبراو خۆی بچووکترین منداڵی باوکیەتی خاوەنی دووبراو خۆشکێکە ئەوانیش بە ناوەکانی (ڕەحمە(١٩٠٦-١٩٩٢)، عومەر(١٩٠٨-١٩٩٠)، عوسمان(١٩١٧-١٩٨٨)). (عەلی، "کەکۆن"، ژ(١١)، کانوونی دووەمی ٢٠١٠ : ٤١ ؛ مامە ڕووتە، ٢٠٢١/٥/٩).

سەبارەت بە خوێندنی بەپێی بڕوانامەی ژمارە (٣٩٥) عەلی عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٩٣١ واتە لە تەمەنی ٩ ساڵی چۆتە بەر خوێندن و قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانەی (کۆیسنجق ئوولا)[2] لە شارۆچکەی کۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٣٩ - ١٩٤٢ تەواو کردووە. (حەوێزی ١٩٨٤: ١٨٤ ؛ غەفوری،"کەکۆن"، ژ(٥٢) ، ٢٠١٨: ل٣٠). پەیمانگای ئەندازیاری لە نێوان ساڵی ١٩٤٢ -١٩٤٥ لە بەغدا خوێندووە و بڕوانامەی دبلۆمی ئەندازیاری مەدەنی بەدەستهێناوە(اجازة مدرسة الهندسة، 1945/6/30) ، یەکەمین کەس بووە لە بنەماڵەکانی شاری کۆیە پلەی ئەندازیاری هەبێت. (حەوێزی، ب٢، ١٩٨٤: ٢٢٧ ؛ رسول، 2005: 101).

[1] سەرچاوەیەک پێی وایە لە ساڵی ١٩٢٤ لە دایک بووە. (عەبدوڵڵا، 14/2/2021). ڕایەکی دیکە دەڵێت بە ڕاست دادەندرێت ، بەپێی ناسنامەی باری شارستانی ژمارە (١٥٨٨٠٠) لە لیوای هەولێر لە ساڵی ١٩٦٤ ، ١ تەمووزی ١٩٢٦ تۆمارکراوە (دفتر نفوس، 1964/10/7) ، بەهۆی ئەوەی کە لەو سەردەمەدا زۆربەی کات خەڵکی لادێ کاتێک منداڵەکانیان دەچووە قوتابخانە ئەوکات ناسنامەو تەمەنیان بۆ دیاریدەکرا. (ئەحمەد، ٢٠٠٧: ٢١).

[2] یەکەم قوتابخانەیە لە کۆیە کراوەتەوە سەرەتا کراوەتە فەقیرخانە و ماوەیەکیش خوێندن وەستاوە تێیدا، تاوەکو لە ساڵی ١٩٢٠ لەگەڵ هاتنی ئینگلیز دووبارە لەم بینایە دەست بە خوێندن کراوەتەوە و یەکەم بەرێوەبەری (مەلا ڕەسولی مەلا مەحمودی بێتوشی) بووە .(حەوێزی ١٩٨٤، ب٢، ل٢٠٢). لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەی دووەمی سەرەتایی ، ئەم قوتابخانەیە ناونراوە (قوتابخانەی یەکەمی سەرەتایی کۆیە) .(شارەزا و ئەوانی دیکە، ٢٠٠٩: ٣٦٤-٣٦٥).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوای تەواوکردنی پەیمانگای ئەندازیاری لەسەر میلاکی وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ لە بەغدا دادەمەزرێت. (عەبدوڵلا، ٢٠٢١/٢/١٤)، بەڵام درێژە بە کارەکەی نادات بەڵکو لە هاوینی ساڵی ١٩٤٦ گەڕاوەتەوە کۆیە و کاری لەگەڵ کەسایەتی دیاری شاری کۆیە (کەمالی حاجی مەجید ١٩٢٧-١٩٨٧) سەربەخوی کردووە ، بۆ ماوەی سالێکیش لەگەڵ نوری شاوەیش (١٩٢٢-١٩٨٣) لە کەرکووک خەریکی بەڵێندەرایەتی بووە. (شێخ سەلام ١٩٩٩: ٤٠). چەندین باڵەخانە و پرۆژەیان ئەنجامداوە. (غەفوری، "کەکۆن"، ژ(٥٢)، 2018: ٢٩-٣٠ ؛ ئەسعەد،٢٠٢١/٢/١١ ؛ شەورۆ، ٢٠١٥: ٢٥-٢٨). عەلی عەبدوڵلا بە درەنگەوە ژنی هێناوە لە رۆژی ٢ی نیسانی ساڵی ١٩٦٠، (ئیقلیمەی کچی مەلای گەورەی(١٨٧٦-١٩٤٣)) بنەماڵەی جەلیزادە، وەک هاوسەری خۆی هەڵبژاردووە ، (تذكرة الاذن بالنكاح، 4/2 1960) کورێک و دوو کچی هەبووە بە ناوەکانی (هەڵمەت ، هێرۆ و هەوری). (ئەسعەد،٢٠٢١/٢/١١).

جێگای ئاماژەیە هەڵوێست و ڕەفتاری لە دەرەوەی خێزانەکەشی ڕەنگی داوەتەوە، بەپێی بیرەوەری کەسە نزیکەکانی بۆمان دەردەکەوێت، کەسێکی ڕاستگۆ و ڕاشکاوانە لە گفتوگۆکردن دڵسۆز و دەستپاک و پاک و مرۆڤدۆست، کوردپەروەر بووە، قسە لەڕوو و بەرز و لایەنگیری هەژارو لێقەوماوان بووە و هێمن و لەسەرخۆ، بەجۆرێک ئەوانەی کاریان لەگەڵ کردووە خۆشیان ویستووە. (موفتی، ٣/١٠/ ٢٠٢١؛ عوسمان، ٢٠٢١/٣/١٤ ؛ میرانی، ٢٠٢١/٤/٢٠). هەندێکیش بە کەسێکی لاواز و بێدەنگ لە ئاست ڕووداوەکان باسیان کردووە. (عەزیز، ٢٠٠٢: ٧٠)، بەڵام بەرای کەسە نزیکەکانی خۆی، هۆکاری بێدەنگی ئەوە بووە، ئەو باوەڕی بەخۆ دەرخستن و قسەکردن نەبوە، دوور بووە لە راگەیاندن و میدیا، پێی وابووە کارو کردەوە زیاتر بۆ مرۆڤ دەمێنێتەوە، بۆیە بڕوای بەبێ دەنگی مانەوە هەبووە. (عەبدوڵلا، ٢٠٢١/٢/١٤؛ عوسمان،٢٠٢١/٣/١٤). ئەو کەسێکی خاکی و بێ فیز بووە، حەزی لە خۆ دەرخستن نەبووە و گیرفان بەتاڵ بووە (موفتی٢٠١٣: ١١٠). بەدرێژایی وێستگەکانی ژیانی، جیاوازی لە نێوان کەسێکی پلەدار و کەسێکی ئاسایی نەکردووە، توانیویانە بگەنە لای بەهەر شێوەیەک بوویێت. (کاکەیی، "خەبات"، ژ(٣٥٧٠)،٢٠١٠: ل ٣ ؛ ئاسۆ، ٢٠٢١/٥/٤).

لە کاتی کارکردنیدا هەوڵی داوە زۆرترین شت بە داهاتێکی کەم بە دەست بهێنێت، دەست پاک و جێگای متمانەی حیزب بووە، لەبەرئەوە ساڵی ١٩٦٦ بەرپرسیاری دارایی حزبی پێدراوە، لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ساڵی١٩٧٤ بە ئەمینداری گشتی دارایی حزب دانراوە و تاوەکو ساڵی ١٩٧٥ لەسەری بەردەوام بووە، بەهۆی رێک و پێکی کارەکانی و خەمخۆری لە بواری دارایی لە ساڵانی دواتر دووبارە بەشێک لەو بەرپرسیاریەتییەی پێ سپێردراوەتەوە. (مەلا خالید ،"خەبات"، ژ(٣٥٥٠)،٢٠١٠:ل١-٢ ؛ غەفوری،"کەکۆن"، ژ(٥٣)، ٢٠١٨: ل ٢٨ ؛ موفتی،١٠/٣/ ٢٠٢١). لەگەڵ ئەوەی لە ژیان پەرەی بەخۆیداوە ، لەلایەنی زمانزانینەوە زیرەك بووە، جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی زانیووە. (میرانی،٢٠/٤/٢٠٢١). خولیای ئەدەبیش بووە ، کاریگەر بووە بە هۆنراوەکانی بێخود (1879-1955) و حاجی قادری کۆیی(1817-1897).

سەبارەت بە لایەنی سیاسی، عەلی عەبدوڵڵا، لە تافی لاویەتی ، تەمەنی لە نێوان ١٨-١٩ ساڵی بووە قوتابی ناوەندی بووە، تێکەڵی کاری سیاسی و رێکخراوەیی بووە و خۆی بۆ تەرخان کردووە، تەنانەت گەیشتۆتە ڕادەیەک کە وەزیفەی خۆی بۆ بەجێهێشتووە. (الملا، "افاق تربوية"،عدد (1083)، اب ٢٠٠٣: ص٥٣ ؛ عەبدوڵڵا، ١٧/١/٢٠٢١). ئەو نەک خۆی بەڵکو دووبراکەشی ئەندامی چالاکی ئەم کۆمەڵانە بوون، کە ئەو رۆژگارە هەبوون[1] وەکو حزبی هیوا دواتریش پارتی دیموکراتی کوردستان. هەر لەم قۆناغەشدا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هزری مارکسی لە ساڵی ١٩٤٢ بەدواوە و دامەزراندنی یەکەمین شانەی مارکسی لە هەولێر ، لە لایەن ساڵح حەیدەری (١٩٢٢-٢٠٠١)، پاشان بڵاوبوونەوەی لە کۆیە، ناوبراو لای پەسەند بووە و دەستی کردووە بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کە ئەم بیروباوەڕەی بە هێزتر دەکەن، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر هەست وبیری و یارمەتیدەری بووە لە چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی مارکسیزم، مامۆستایەکی باش بووە لە ساڵی ١٩٤٨ لەم بوارە وانەی بە هاوڕێ و نزیکەکانی گۆتۆتەوە لە پاڵ رێنمایی حیزبی (غەفوری، "کەکۆن"،ژ(٥٢)، ٢٠١٨: ٣١ ؛ تاڵەبانی،ب١، ٢٠١٩: ٤٦ ؛ مامە رووتە،٩/٥/٢٠٢١) ، لە ساڵی ١٩٦٨مامۆستای خوولەکانی کادیرانیش بووە لە (٩)نۆ خول بەشداری کردووە. (پرۆژەی سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی ئەکادیمیای پارتی ٢٠١٩: ٢٢).

کۆیە بنکەی سەرەکی چالاکییەکانی بووە، ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی هیوا بووە، لایەنگری باڵی چەپی ئەو کۆمەڵەیە بووە. (المزوري 2008: 51 ومابعدها ؛ جامباز، ٢٠٠٥: ٦٧). بەڵام لە ساڵی ١٩٤٣

[1] وەکو حزبی هیوا و دواتریش پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق (عەونی، ٢٠٢١: ١٦١ و ١٦٦).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوای لێکترازان ئەو باڵەی دەچێتە ناو لقە کوردییەکەی (یەکێتی تێکۆشین)، کە وەکو رێکخراوێکی سەربەخۆ کاریان کردووە. یەکێتی تێکۆشین چالاکییەکانی لە سلێمانی و کۆیە زۆر بەربڵاو بوون، بەوپێیەی خەلکێکی زۆر لە باشووری کوردستان لەدەوریان کۆببوونەوە ، لە نیسانی ساڵی ١٩٤٥ ئەم رێکخراوە تێکەڵاوی رێکخستنەکانی پارتی کۆمەنیستی عێراق بووە، لقە کوردییەکەی دەبوایە خۆی یەکلا بکاتەوە. هەربۆیە دوای ئەوەی (عەلی عەبدوڵڵا ) کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو لەگەڵ وەفدێک بڕیار دەدەن بچنە لای (فەهد1901-1949) سکرتێری ئەوکاتەی پارتی کۆمەنیستی عێراق بۆ گفتوگۆو دانوستان بۆ یەکلایی کردنەوەی لقە کوردییەکە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نابێت گوێ بۆ داواکارییەکانیان ناگرێت. (عەبدوڵڵا، ١٩٦٨: ٢٧ ؛ شریف،١٩٨٩: 116؛ اسسرد 2008: 10).

سەرباری هەموو ئەمانەش بەردەوام بووە لە کارکردن تاوەکو لە پایزی ١٩٤٥ بڕیاری دامەزراندنی رێکخراوێکی دیکەیان دا بە ناوی (پارتی کۆمەنیست لە کوردستانی عێراق). (حیدري،2004، ص ٣٦٧). هاوکات لەبەر دەرکردنی رۆژنامەیەک بە ناوی (شۆڕش) ئەو رێکخراوە بەو ناوەش ناسران، لەنێو خەڵک. ئەم رێکخراوە هەڵگری بیری چەپ بوو، هەموو بنەماکانی مارکسی پەیڕەو کردووە، بەڵام ئەمە تا سەر نەبوو، چونکە بوونی ئاراستەی پێشکەوتنخوازی بۆ ئەوکاتە شتێکی نوێ بوو بە ئاسانی قبوڵ نەدەکرا، بۆیە بەشێک لە ئەندامان بیریان لە دامەزراندنی رێکخراوێکی فراوانتر کردەوە، رۆڵی بەرەیەکی نیشتمانی ببینێت و ئەویش (حزبی رزگاری) بوو بە ئامانجی کۆکردنەوەی ئەندامان و بە دەنگەوە هاتنی نیشتیمانپەروەرانی کورد، بەڵام بەشێک لە ئەندامان پێیان وابوو باشترە پەرە بەحزبی شۆڕش بدرێت و پاڵپشتی بکرێت. (عەبدوڵڵا، ١٩٦٨: ٢٧ ؛ الحيدري، 1997: 17 ؛ ئەسەسەرد، ٢٠١٢: ٣٤).

عەلی عەبدوڵڵا یەکێک بوو لە ئەندامانی (شۆڕش) و هاوکاری و رۆڵی سەرەکی گێڕاوە لە هاندان و یارمەتیدانی حزبی رزگاری چ لەلایەنی رێکخستن و یاخود بڵاوکراوەو چاپەمەنی، بەڵام هەرگیز رازی نەبووە ببێتە ئەندام لەم حیزبە، وتوویەتی : "من فێڵ لە خۆم و خەڵک ناکەم نابێ لە ناو دوو حزب ئەندامی مەکتەبی سیاسی بم، ئێمە تەنها دەتوانین لە دوورەوە ئامۆژگاری و یارمەتییان بدەین لە رووی رێکخستن و چاپەمەنی". حزبی نوێ بە دوو شێوە خۆی نیشان دەدا بەرووکەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پارتێکی نەتەوەیی بێت لە ناوەوەش حزبێکی مارکسی لینینی، بەڵام ئەندازیار پێی وابوو لەگەڵ بنەمای ژیانی ئەو ناگونجێ لەبەر ئەوەی کەسێکی مارکسی لینینی و چەپخواز بووە ئامادە نەبووە بە هیچ شێوەیەک لە ژێر ناوی خوازراو ئامانجەکەی بۆمەرامی تر بەکاربهێنێت. (ئەسعەد، ٢٠٢١/٢/١١).

جێگای ئاماژەیە، حزبی شۆڕش و ڕزگاری لە ژێر دوو دروشمی جیاواز بوون، هیچ یەک لەمانە نەیدەتوانی بەبێ ئەوەی دیکەیان درێژە بە خەباتی سیاسی بدات، هاوکات دژایەتی کردنی بەریتانییەکان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق و ئێران ، لەگەڵ هەبوونی یەکێتی سۆڤیەت جۆرێک هەلەکانی بۆ خۆی قۆستبۆوە زۆربەی کاسبکاران و لاوانی رووناکبیر پشتگیریان کردووە ، بە هۆی پەیوەست بوونیان بە بیرۆکەی مارکسی لینینی، لەلایەکی دیکەوە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ لەسەر دەستی قازی محەمەد(١٩٠٠-١٩٤٧). (ایغلتن، 1999: 119-132 ؛ تاڵەبانی، ٢٠١١: ل١٢٨). بێگومان کاریگەری بەسەر ناوچەکانی باشووری کوردستانەوە هەبوو، لە ژێر رۆشنایی ئەم بابەتانە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی دامەزراندنی پارتێکی پێشکەوتوو لەسەر دەستی مستەفا بارزانی و ئەندامانی. (بارزانی، ب٢، ٢٠٢٠: ١٨٧).

هاوکات کزبوونی چالاکییەکانی حزبی رزگاری، بەشێک لە ئەندامانی شۆڕش بە تایبەتی رۆڵی عەلی عەبدوڵلا لەو ناوەندەدا بیریان لەوە کردەوە بچنە پاڵ ئەم پارتە نوێیە بە ناوی (پارتی دیموکراتی کورد) بە یەکێک لە دامەزرێنەرانیشی دادەنریت، تاکۆتاییەکانی ژیانی لەم پارتە دەمێنێتەوە درێژە بە خەباتی سیاسی دەدات. (ئەسعەد ،"کەکۆن" ،ژ (٥٣)، ٢٠١٨: ٢٩-٣٠ ؛ ئەسعەد، "خەبات "، ژ(٥٦١٨)، ٢٠١٨/١٠/٢٤: ٥).

ناوبراو چەندین پلەی حیزبی و حکومی هەبووە، لەوانە لە کۆنگرەی یەکەمی پارتی بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت و بەردەوام دەبێت تاوەکو ساڵی ١٩٦٤ دواتر بەهۆی لایەنگری کردنی باڵی مەکتەبی سیاسی لە حزب دوور دەخرێتەوە. لە ساڵی ١٩٦٥ دووبارە گەڕانەوەی بۆ نێو ریزەکانی حزب، لە کۆنگرەی حەوتەم لە ساڵی ١٩٦٦ کە لە گەلاڵە بەسترا، بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە. (قادر ٢٠٠٧: ٤٤-٦٩ ؛ "سەفین "، ژ(٦٠)، ٢٠١٥: ل ١٢-١٣). دوای ڕێککەوتنی ١١ ئاداری ١٩٧٠ بە پێ بڕیاری ئەنجوومەنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (١٧٠٠) بووەتە پارێزگاری سلێمانی و لە ١٣ی کانوونی یەکەم ١٩٧١ دەستی بە چالاکییەکانی کردووە، بەردەوام بووە تاوەکو ١٩٧٤/٤/٢ خانەنشین کراوە ("الوقائع العراقية "، عدد(١٩٥٥-ا) 1971/1/13، ص 2 ؛ "الوقائع العراقية "، عدد(٢٣٣٧-ا)، قرار 1974/4/6، ص 4)، هاوکات پارێزگارێکی بە توانا و چالاک بووە (بەرزنجی،٢٠٢١/١١/٢٢) لەدوای دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤، خێزانەکەی ئاوارەی ئێران دەبن و لە شارۆچکەی (ورمێ) دواتریش لە (کەرەج) نیشتەجێ دەبن.

خۆشی لە ساڵی ١٩٧٤ لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول وەک پەنابەر ڕوو دەکاتە ئێران (ئیبراهیم، ٢٠٠٢: ١٥٧؛ دفتر چە اقامت پناهندگی، ١٣٦٣/١/٣١ / ١٩٧٤/٣/٢). لە کاری سیاسی حزبی خۆی بەردەوام بووە، بەشداربووە لە کۆنفرانسی شاری بەرلین کە لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٧٦بەسترا ، بۆتە ئەندامی سەرکردایەتی کاتی، لە کۆنگرەی نۆیەم لە ساڵی ١٩٧٩ پۆستی سکرتێری حزبی وەرگرتووە. (قادر ٢٠٠٧: ٧٠ بە دواوە). هەمیشە لەگەڵ یەکریزیدا بووە. (مەلا خالید، "خەبات" ،ژ(٣٥٥٠)،٢٠١٠ ، ل١- ٢ ؛ "خەبات"، ژ(٣٦٥٢)،٢٠١٠/١٢/٢٠: ٣). لە کۆمەڵە یەکەمەکان بووە کە خەڵاتی میدالیای بارزانی لە ١٩٨٩ لە کۆنگرەی دەیەم پێی بەخشراوە. (کامیران،"مەتین"، هەژمار(٥١)، نیسانی١٩٩٦:ل١١١ ؛ گەوهەری، ب١، ٢٠١٥: ٢٠-٢١).

لە ساڵی ١٩٨٩ لە کۆنگرەی دەیەم بۆتە جێگری سەرۆکی پارتی، دواتریش لە کۆنگرەی سێزدەیەمین کە لە ڕۆژی ١٢-١٨مانگی ١٢ساڵی ٢٠١٠ بەسترا، وەکو ڕێزلێنانێک لەلایەن مەسعود بارزانی بە تێکرای دەنگی ئەندامان و ئامادەبووان بە )مامۆستای پارتایەتی( ناوزەند کراوە، هەرچەند لەبەر نالەباری تەندروستی نەیتوانی بەشداربێ. ("خەبات"، ٢٠١٠/12/20: ل٣). ئەوکاتە بەشداری کۆنگرەی نەکرد و پەیامێکی ئاراستە کرد ،دواتر بەرەزامەندی خۆی پێی خۆش بووە پلەکەی کە (جێگری سەرۆکی پارتی) بدرێتە (نێچیرڤان بارزانی)و هیوایی سەرکەوتنی بۆ خواستووە. ("خەبات"،ژ(٣٦٥٢)،٢٠١٠/١٢/٢٠، ل١ ؛ میرانی،٢٠٢١/٤/٢٠).

لە ساڵی ٢٠١٥ بەسەختی نەخۆش دەکەوێت دەنێردرێتە ئەڵمانیا بۆ چارەسەری ، بەناچاری نەشتەرگەری بۆ دەکرێت ، بەڵام ئەم چارەسەرانە نایگەڕێنێتەوە بارودۆخێکی باشتر، بەڵکو پاش ماوەیەک تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوەش دەبێت، ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانەی (ژین

نێودەوڵەتی) لە ژێر چاودێری پزیشک دەمێنێتەوە، تا سەر لە بەیانی ڕۆژی سێشەمەی لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ کاتژمێر ٨ بەیانی لە تەمەنی ٩٥ ساڵی کۆچی دوایی کردووە و لە ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٦ بە ئامادە بوونی ئەندامانی سەرکردایەتی حزبە جیاوازەکان لە گۆڕستانی (شێخ ئەحمەد) لە شاری هەولێر دەنێژرێت. ("خەبات"،ژ(٣٦٥٢)، ٢٠١٧/١٠/٢٩، ٣ ؛ kurdistanmedia، ٤ی خەزەڵوەری ١٣٦٩؛ ئەسعەد ،"کەکۆن "،ژ(٥٣)، ٢٠١٨، ٢٩).

هەواڵی کۆچی دوایی و پرسەنامەی لە کەناڵەکانی راگەیاندن و سایتە ئەلیکترۆنییەکان و رۆژنامەکانی (خەبات، التاخي، کوردستانی نوێ، هەولێر، ئەڤرۆ)، هاوکات لەلایەن کەسایەتی و سەرکردە باڵاکانی سیاسی کورد بە تایبەت ئەوانەی لە کاتی جیا جیا کاریان لە گەڵی کردووە چ لە ڕێگای دیمانە یاخود نووسینی بابەت باسیان لە بارەی ژیانی ئەو کردووە. (مەعسوم، "کوردستانی نوێ"، ژ(٥٣٧٩)، ٢٠١٧/١٠/٢٥، ل٤ ؛ بارزاني، "التأخي"، العدد(٧٤٦٤)، ٢٠١٧/١٠/٢٦، ص1 ؛ "هەولێر"،ژ(٢٧١٢)، ٢٠١٧/١٠/٢٤، ل ٥- ٦ ؛ " ئەڤرۆ "، هژمار(٢٢١٧)، ٢٠١٧/١٠/٢٥، ل٤،١،٢). لەڕۆژی ٢٠١٨/١٠/٢٤ لە هەولێر، لەساڵیادی ڕۆژی کۆچی دوایی بە ئامادە بوونی نوێنەری مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی، نێچیرڤان بارزانی، بۆ کراوە. (24،7٢k، ٢٠١٨/١٠/ ؛ عەبدوڵلا، ٢٠٢١/١/١٧).

سەبارەت بە لایەنی ڕۆشنبیریی عەلی عەبدوڵلا وەک کەسێکی ناو بواری سیاسی، هەوڵی خۆرۆشنبیرکردنی داوە، عەلی عەبدوڵلا لە هەردوو سەردەمی ڕۆژنامەگەری نهێنی و ئاشکرا رۆڵی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی وتار یاخود سەرپەرشتی کردنی ئەم رۆژنامەو گۆڤارانەی ئەو سەردەمە، هەروەها لە رۆژنامەی خەبات کە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦١ عەلی عەبدوڵلا بە هاوبەشی لەگەڵ نوری شاوەیس بەناوی خوازراوی (رەنج) وتاریان بڵاو کردۆتەوە. (شاوەیس 1998: ١٦).

لە دوای رێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠، پارتی دیموکراتی کوردستان بە دوو مانگ بڕیار دەدات جارێکی دیکە رۆژنامەی (التاخي) دەربکاتەوە وەک زمانحاڵی پارتی، لە ژمارە (٤٢٨)ی رۆژنامەکە لە رۆژی ١٩٧٠/٥/٩ لە بەغدا بڵاوکرایەوە و عەلی عەبدوڵلا کراوەتە سەرنووسەری ئەم رۆژنامەیە، خاوەن ئیمتیازیشی (حەبیب محەمەد کەریم) بووە، (شاوەیس 1998: 65 ؛ جاف ١٩٩٦: ٥٩؛ ساڵح ٢٠٠٧: ١٧٩) ، لێرە بەردەوام بووە تا ژمارە (٦٦٣). دوای ئەو کارە لە رۆژی سێشەممەی ١٦ی شوباتی

١٩٧١ دراوەتە کەسێکی دیکە. (زەنگەنە و ئەوانی دیکە،٢٠١٧: ١٣). عەلی عەبدوڵڵا سەرنووسەری (١١) ژمارەی گۆڤاری برایەتی بووە، کە ژمارە یەکی لە رۆژی ١٩٧٠/٦/١ بڵاوبووەتەوەو بەردەوام بووە تاوەکو بووەتە پارێزگاری سلێمانی. (جاف ، ١٩٩٦: ٦٥).
لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٨١ ، بڕیاڕی ژمارە (٤٢١٠) بە مەبەستی پیشخستنی کاروباری ڕاگەیاندن، عەلی عەبدوڵڵا سەرپەرشتی هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێی نووسەرانی کردووە بۆ ڕۆژنامەی خەبات. (پ.د.ک- عێراق/ م.س ، ژ (٤٢١٠)، ١٩٨١/٩/٣). هاوکات عەلی عەبدوڵڵا لە ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٤ لە نووسینی سەروتاردا لە رۆژنامەی خەبات بەشداری کردووە، لە دوای چاپکردنی هەر ژمارەیەک سێ دانە لە رۆژنامە ڕادەکێشرا، دانەیەکی بۆ عەلی عەبدوڵڵا دەنێردرا دوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەو ئینجا بڵاودەکرایەوە. (حەسەن ٢٠١٥، ٤٠). دوای ڕاپەڕین لە رۆژی ١٩٩٣/٣/١ لە رۆژنامەی خەبات لە ژمارە 665 ی کراوەتە خاوەن ئیمتیاز، بەڵام بە فەرمی لە ژمارە ٦٩١ ناوی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی نووسراوە کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە. ("خەبات"،ژ(٦٦٥)، ١٩٩٣/٣/١، ١ ؛ "خەبات "،ژ (٦٩١)، ١٩٩٣/٩/٨، ١ ؛ جاف ١٩٩٦: 96).

## تەوەری دووەم: ڕۆڵی عەلی عەبدوڵڵا لە دامەزراندنی پارتی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨):

لە ئاکامی کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان (١٩٣٩-١٩٤٥)، گۆڕانکارییەکان ئاسۆییەکی بەرفراوانیان بەسەر جیهاندا هێنا ، کەوا کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیش هەبووە، دامەزرندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مهاباد لە ساڵی ١٩٤٦، ئەمەش دوای کپ بوونی ڕاپەڕینی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥)، ئەوە سەرباری هۆکاری دیکەش. (ایغلتن، 1999: 119-132 ؛ یاسین، 2000: 139-145).
سەبارەت بە بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە باشووری کوردستان عەلی عەبدوڵڵا دەڵێت: "... بۆ بوژاندنەوەی کوردایەتی لەو دیو، شۆڕش بە پێویستی زانی کەڵک لە (هەمزە عەبدالله) وەربگرێت بەتایبەتی کە لە چاوپێکەوتنێکدا لە نێوان (خالد بەگداش) و (کاکە زیاد١٩١٤-١٩٩١) دا بەراوورد کردنی وەزعی سیاسی لە کوردستانی ئێراندا پێشنیازی کرد سوود لە هەمزە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەربگرێت..." دوای چاوپێکەوتن و دانیشتنەکە کاکە زیاد دەقی راسپاردەکەی بە مەکتەبی سیاسی شۆڕش ڕاگەیاندووەو ئەوانیش بە پێویستیان زانیوە پەیوەندی بە (هەمزە عەبدوڵلا ١٩١٤-١٩٩٨) وە بکەن، بەو هۆیەوە بۆ مهاباد نێردرا بۆ ئەوەی چاوی بە مەلا مستەفا و (لیژنەی ئازادی) بکەوێت و هەروەها ئاگادار بوون لە بارودۆخی حزبی دیموکراتی کوردستانی رۆژهەڵات و پەیوەندیان بە یەکێتی سۆڤییەتەوە کرد، پاشان بەردەوام دەبێت و دەڵێت" هەمزە عبدالله ڕاپۆرتێکی تایبەتی بۆ مەکتەبی سیاسی شۆڕشی ناردبوو لە هەموو روویەکەوە وەزعی ئەودیوو هێزی بارزانی رەئی سەرۆک و برا ئەفسەر و رۆشنبیرەکانی لەگەڵیدا بوون روون کردبووەوە ..." بەوپێیەی داوا لەهەردوو حزبی شۆڕش و ڕزگاری کردووە بۆ سازدانی بارودۆخێکی گونجاو و زەمینە سازی بکەن بۆ ئەوەی حزبێکی پێشڕەو و بەهێز دابمەزرێنن. (عەبدوڵلا، ١٩٦٨: ٢٤-٢٦).

ئەمەش لە چەند سەرچاوەیەکدا بە شێوازی جیاواز باسکراوە. لە دیمانەیەکی هەمزە عەبدوڵلا هەمان بۆچوون باس دەکات، کەوا لەسەر خواستی هەندیك لە ئەندامانی (حزبی شۆڕش) یەکێک لەوانە عەلی عەبدوڵلا بووە کە ئەوکات لەبەغدا بووە، داواکراوە بچێتە رۆژهەڵاتی کوردستان ، بۆ بەشداریکردن لە دامەزراندنی پارتێکی نوێ. (ساڵح و یوسف، تشرینی یەکەم ١٩٩٨ ؛ عوسمان،" 21k " ،ژ(1)، بەهاری 2008، ل١٧).

جێگای سەرنجە عەلی عەبدوڵلا سەبارەت بە پەیوەندی هەمزە عەبدوڵلا بە حزبی شۆڕشەوە روونکردنەوە نادات، بەڵام فەرید ئەسەسەرد روونیدەکاتەوە و دەڵێت:"رەنگە خالد بەگداش ئەو کەسە بووبێ کە لەرێی هەمزە عەبدوڵلاوە پێشنیاری بۆ کۆمۆنیستە کوردەکان کردبێ سود لە ناوبانگی مەلا مستەفا وەربگرن و بیکەن بە سەرۆکی حزبێک... " .(ئەسەسەرد، ٢٠١٢: ٢٩بەدواوە).

مەسعود بارزانیش ئاوا ئاماژەی پێکردووە : " بارزانی لەگەڵ تێکۆشەران (پارێزەر هەمزە عەبدوڵلا، نەقیب میرحاج ئەحمەد، عەقید روکن عیزەت عەبدولعەزیز، نەقیب مستەفا خۆشناو ، خەیروڵلا عەبدولکەریم، مولازم محەمەد مەحموود قودسی، مولازم نووری ئەحمەد تەها) دا کۆبووەوە و یەکەمین بەردی بناخەی پارتی دیموکراتی کوردیان دانا، ئەمجا خەریکی چەسپاندنی پەیرەو پرۆگرامی ناوخۆکەی بوون ". (بارزانی،ب١، ٢٠٢٠: ١٨٧).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جێی ئاماژەیە بەهۆی بارودۆخێکی تایبەت لە کوردستانی رۆژهەڵات، موستەفا بارزانی هەر زوو هەستی بە نیگەرانی دەسەڵاتداران کرد، بەتایبەت قازی محەمەد ، بۆیە بڕیاردرا بە وەستانی چالاکییە سییاسییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ئەوەی نەبێتە بیانوو بەدەست دوژمنان و لە دژی کۆمار هانیان بدات. (بارزانی، ٢٠٢٠: ١٨٧). هەر بۆیە بە پێویست زانرا (هەمزە عەبدوڵڵا) بنێردرێتەوە باشووری کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە چەندین ڕاپۆڕتی بۆ سەرکردایەتی هەردوو حزبی شۆڕش و ڕزگاری و چەند حزبێکی دیکە نووسی بە ئامانجی یەکگرتن و سەرخستن کۆبوونەوە لە دەوری یەک پارت. (قادر، ٢٠٠٥: ١١٧-١١٨ ؛ عومەر ،٢٠١٣: ١٢٤).

بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم پارتە لەسەر داوای هەمزە عەبدوڵڵا (عەلی عەبدوڵڵا- ئەندامی مەکتەبی سیاسی شۆڕش) ڕاسپێردرا، ئەویش لە بەغداوە چووە سلێمانی دەربارەی گەڵاڵەکردنی ئەم پارتە چاوی بە (ئیبراهیم ئەحمەد) بکەویت، کە ئەوکات سەرۆکی لقی (ح.د.ک) لە کوردستانی عێراق بوو، لە دیدارەکەدا بیروبۆچوونەکان لەیەکەوە نزیک بوون، ناوبراو سەرەتا رازی نەبووە[1] بەم بیرۆکەیە، هاوکات ئەندامبوونی خۆی گرێداوە بە وەرگرتنی رەزامەندی سەرکردایەتی حزبی دیموکرات لە رۆژهەڵاتی کوردستان. (عەبدوڵڵا، ١٩٦٨:٢٦ ؛ عومەر، ٢٠١٣: ١٢٤). لە کۆتاییەکانی بەهاری ساڵی ١٩٤٦ هەمزە عەبدوڵڵا بەخۆیی و بە ڕێپێدانی حزبە نوێیەکە گەیشتە باشووری کوردستان دواتریش بۆ سلێمانی بۆ لای ئیبراهیم ئەحمەد و بە ئامادەبوونی (نافیع یونس١٩٣٦-١٩٦٣) کە نوێنەری مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبی (شۆڕش و ڕزگاری) بوو، لەسەر ڕاسپاردەی ناوبراو چەند پێشنیارێک هەبوون وەکو: دانانی دوو موڵکدار بە ناوەکانی (شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمودی حەفید١٩١٧-١٩٧٢) و (کاکە زیاد حەمە ئاغای غەفووری) وەکو دوو جێگر، بێگومان بۆ سەرۆکەکەش (مستەفا

[1] ئیبراهیم ئەحمەد لە دیمانەیەکدا خۆشی ئاماژە بە ئەوە دەکات، دەڵێت : کە خۆم "هەمزە عەبدوڵڵا و نوێنەرەکەی شێخ لەتیف و ئەوانەم برد بە قاچاغ بۆ بەغدا بۆ کۆبوونەوەی یەکەمی پارتی، لە دانیشتنەکەدا منیان قبوڵ نەکرد، وتیان یان دەبێت داخل بی یان بڕۆی، بەڵام هەمزە عەبدوڵڵا گووتی ئەمە وەکو چاودێر هاتووە، ئیبراهیم ئەحمەدیش گوتی ئێمە لە ژێ کاف داین تا لە مەرکەزەوە خەبارمان بۆ نەیەت ناچینە حزبەوە و سەر بە حزبی خۆمانین لە بە ئەوە هاتمە دەرەوە " (کەریمی ٢٠٠٥ : ل٢٨٠)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بارزانی) لە هەمان کاتدا بە دەستکاری نەکردنی بەرنامەی حزب و پەیڕەوی ناوخۆ تا ماوەیەک. (شاویس، 1985: 33).

شایانی باسە عەلی عەبدوڵڵا زۆر بە پەرۆشەوە بەتەنگ ئەم داواکارییەوە هاتووە، لەو بارەیەوە مومتاز حەیدەری پێی وایە: حزبی ڕزگاری نەبوایە و ئەو دەستپێشخەرییەی عەلی عەبدوڵڵا نەبوایە پارتی دیموکراتی کوردستان بەوشێوەیە دروست نەدەبوو. (حەیدەری، ٢٠٢١/٦/٩). هەرچەندە ئەسەسەرد پێی وایە کە "ساڵی ١٩٤٦ کەس بەقەد عەلی عەبدوڵڵا پشتگیری لە هەمزە نەکردووە ئەگەر ئەو نەبوایە و ئەگەر پێی لەسەر هەڵوەشانەوەی پارتی کۆمونیستی کوردستانی عێراق و پێویستی دامەزراندنی پارتی دیموکرات دانەگرتایە هەرگیز هەمزە عەبدوڵڵا نە لایەنگیری بۆ دامەزراندنی پارتی پێ کۆدەکرایەوە نە پۆستی سکرتێری حزبی مسۆگەر دەکرد". (ئەسەسەرد،٢٠١٢:٩٢).

بەمەبەستی تاوتوێکردنی پێشنیارەکانی هەمزە عەبدوڵڵا، ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی شۆڕش لە هەفتەی یەکەمی ئابی ساڵی ١٩٤٦ لەماڵی (ساڵح حەیدەری) کۆنفرانسی حزب بەسترا، هەر زوو بوون بە دوو ئاراستەی ناکۆک، بەشێکیان لەبەر ئەوە بوو سەرکردایەتی کردن نابێت لەلایەن دوو زەویدار بێت، بەڵکو پێویستە لە ڕێگەی کۆنگرە دەستنیشان بکرێن ، سەبارەت بەلایەنی دووەم عەلی عەبدوڵڵا لە بارەی ئەمەوە ڕازی بووە بە بڕیاڕی پارتی نوێ و یارمەتیدانی هەمزە بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ (ڕەشید عەبدولقادر و عەبدولکەریم تۆفیق) داکۆکی زۆریان کردووە، کە ئەم پارتە هەڵبوەشێندرێتەوە پارتی نوێ پێکبهێنن و لەگەڵ ڕێکخستنەکانی سلێمانی و کۆیە و کەرکووک چوونە ڕیزی حزبی نوێ. (عەبدوڵڵا، ١٩٦٨: ٤٧-٤٨ ؛ شاویس 1985: 42 ؛ ساڵح و یوسف، تشرینی یەکەم ١٩٩٨؛ حيدري، 2004: 34-38 ؛ سديق ب١، ٢٠٠٦: ٤٥). لە هەفتەی دووەمی مانگی ئاب حزبی ڕزگاری کورد کۆنگرەی خۆی بەست و بڕیاڕی خۆهەڵوەشاندنەوەی دا و ئەندامانی بڕیاڕی چوونە ڕێزی پارتی نوێیان دا. (عەبدوڵڵا، ١٩٦٨: ٤٧ ؛ شريف، ١٩٨٩: 31-32).

لەلایەکی دیکەوە بەشداریکردنی عەلی عەبدوڵڵا و داکۆکی کردنی بۆ هەڵوەشانەوە و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە شوێنی خۆی بووە، چونکە خاوەنی هزری مارکسی و چەپ بووە و بڕوای بە مەسەلەی نەتەوایەتی هەبووە ، ئامانج و داهاتووی بڕیارەکەی بیرکردنەوەی لەم قۆناغە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڕاستی پێویستی بە پارتێکی نەتەوەیی هەبوو، مانەوەی بەم شێوەیە هیچ شتێکی گرینگی نەبوو بە گشتی ئەوکاتەش هەڵوێستی کۆمۆنیستە عەرەبەکانیش لە هەمبەر مەسەلەی کورد ئەرێنیانە نەبووە. (ئەسعەد، ٢٠٢١/٢/١١ ؛ حەیدەری، 2021/6/9). بەمەش زەمینەی لەبار ڕەخسا بۆ بەستنی کۆنگرەی یەکەمینی پارتی دیموکراتی کورد لە ١٦ی ئابی ساڵی ١٩٤٦ بە نهێنی لە بەغدا لە ماڵی (سعید فەهیم)[1]، بە بەشداری کۆمەڵێک لە ئەندامانی هەیئەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد و ئیبراهیم ئەحمەدیش وەک چاودێری کۆنگرە و (٣٢) نوێنەر ئامادەبوون، هەندێک لەوانە: (عەبدولکەریم تۆفیق، جەعفەر محەمەد کەریم، ڕەشید عەبدولقادر، ساڵح یوسفی، نوری شاوەیس، نوری ئەحمەد تەها، میرحاج ئەحمەد، عەبدولسەمەد محەمەد، عەلی حەمدی) بێگومان عەلی عەبدوڵلا یەکێک بوو لە[2] ئەندامان. (عەبدوڵلا، ١٩٦٨: ٥٢-٥٣ ؛ طالباني، 1970: 150 ؛ شاویس، 1985: 42 ؛ برایەتی، ١٦/٨/١٩٩٤:٤-٥).

لەگەڵ دەستپێکردنی کارەکانی کۆنگرە، گفتوگۆکردن دەربارەی پەیڕەو و پرۆگرام کە لە مهاباد ئامادە کرابوو ، دواتر کۆنگرە دەستی کرد بەهەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی کە پێک هاتبوو لە (مستەفا بارزانی - سەرۆک ، شێخ لەتیف شیخ مەحموود جێگری یەکەم و کاکە زیاد ئاغای غەفوری جێگری دووەم و (هەمزە عەبدوڵلا ، عەبدولکەریم تۆفیق، ڕەشید عەبدولقادر، عەلی عەبدوڵلا، جەعفەر محەمەد کەریم ...چەندانی دیکە) ، دواتر ئەندامانی (م.س) لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران (هەمزە عەبدوڵلا- سکرتێر و جەعفەر عەبدولکەریم و ڕەشید عەبدولقادر و عەبدولکەریم تۆفیق) بێگومان عەلی عەبدوڵلاش بە ئەندامی (م.س) هەڵبژێردراوە. هەر ئەو کاتیش بریاردرا (ڕۆژنامەی ڕزگاری) ببێت بە ئۆرگانی پارتەکە، واتە لەسەر هەمان ناو بمێنێتەوە، ئەویش بە هۆی گرنگی ناوەکەیەوە، بەمەش لە ٢ی ئەیلوول ١٩٤٦ یەکەمین  ژمارەی رزگاری بە عەرەبی بڵاوکرایەوە . (عەبدوڵلا، ١٩٦٨: ٥٣-٥٤ ؛ کریم، 1998: 34-35 ؛ ساڵح، ٢٠٢١: ١٧-٢٤).

---

[1] کوڕی سەلیم ئاغا ئەمین ئاغا حاجی بەکری حەوێزییە لە ١٩١٢ لە کۆیە لە دایکبووە، خوێندنی مامۆستایەتی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٤١ چووەتە بەغدا و لەوی نیشتەجێ بووە، لە ساڵی ١٩٧٢ لە بەغدا کۆچی دوایی کردوە... بڕوانە: (حەسەن، ٢٠١٥: ١٢٤).

هەروەها بڕیاردرا بنکە و بارەگای سەرەکی(م.س) لە بەغدا بێت، لە بەرنامەی حزبیشدا هاتووە؛ ئامانجی ڕزگاربوون لە ئیمپریالیزم و دانانی نەخشە و پلانی تۆکمە لە ڕێگای دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی یەکگرتوو و مافەکانی کورد لە عێراق لە چوارچێوەی کوردستانێکی سەربەخۆ دەستەبەر بکات ، ئەمەو جگە لە بایەخدان بە چەند لایەنێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، پیشەسازی. (عومەر، ٢٠١٣: ١٣٠-١٣١).

بە ماوەیەکی کەم سەرکردایەتی پارتی توانی سنووری چالاکییەکانیان بگەیەنێتە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستان. (البوتاني، ٢٠٠٣: 326-329) هەر بۆ ئەم مەبەستە لەرووی ڕێکخستنەوە لێژنەیەک بە پێی ناوچەکان پێکهێنران ، وەکو ناوچەکانی (هەولێر، سلێمانی، بادینان) بۆ لێژنە ناوچەی هەولێر عەلی عەبدوڵلا بە هاوبەشی (ڕەشید عەبدولقادر و عەونی یوسف١٩٠٨-١٩٨٨) دانران بۆ لێپرسراویەتی و سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنی نێوشار و دەوروبەری. (قادر،٢٠٠٥: ١٢٥ ؛ خۆشناو، ٢٠١٢: ٦٩).

لێرەدا شاری کۆیە بایەخێکی ئەوتۆی بۆ عەلی عەبدوڵلا هەبوو، هەوڵیدا زۆربەی چالاکییەکانی بە نهێنی لە وێدا چڕ بکاتەوە، بۆ نموونە هەر زوو بۆ مەبەستی پتر کۆکردنەوەی لایەنگران و بڵاوکردنەوەی لایەنی رۆشنبیری عەلی عەبدوڵلا لەگەڵ دەستەیەک لە رۆشنبیرانی وەک (یونس رەئووف، محەمەد حەوێز، محەمەد ئەمین مەعروف، عەبدولکەریم تۆفیق). (حويزي، ١٩٨٤: ٢٣٢) رێکەوتن بۆ بیرۆکەی دامەزراندنی کتێبخانەیەک و چوونەتە لای قایمقامی ئەوکاتە، کە (شامل یعقوبی) بوو داوای مۆڵەتیان کردووە ئەویش بە خۆشحاڵییەوە رازی بووە، کتێبخانەکە بە ناوی (حاجی قادری کۆیی) کراوەوەتەوە هاوکات ئەم کتێبخانەیە لە پاڵ خوێندەواری شوێنی بەیەکگەیشتنی ئەندامان و لایەنگرانیش بووە. عەلی عەبدوڵلا ماوە ماوە کۆبوونەوەی حزبی بە لایەنگران و ئەندامانی پارتی دەکرد، بە ئامانجی ئاگاداربوون لە باری سیاسی و زیادکردنی لایەنگر و کادر.(حويزي، ١٩٨٤: ٢٣٢ ؛ دلزار،١٩٩١: ٦٩ ؛ غەفوری،"کەکۆن " ،ژ(٥٢)، ٢٠١٨، ل٣١ ؛ جەلال، ب١، ٢٠١٩: ٣٠).

لە ساڵی ١٩٤٧ کۆمەڵێک لە رۆشنبیرو پێشکەوتووخوازانی کۆیە لە ئەندامانی حزبی شیوعی و پارتی بەمەبەستی مۆڵەت وەرگرتن لە میری بۆ کردنەوەی یادی نەورۆز. (خۆشناو، ٢٠٠٦: ١٠٣). بڕیار دەدەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندی بە عەلی عەبدوڵڵاوە بکەن، بەشداربێت لە سەرپەڕشتی کردنی یادەکە، دوای رازیبوون لێژنەیەک لە (مەسعود محەمەد (١٩١٩-٢٠٠٢) ، عوسمان مستەفا خۆشناو ، علی عەبدوڵڵا، عەلی مزەفەر) پێکدێت و دوای چەند دانیشتنێک بڕیاردرا لە رۆژی ٢١ی نەورۆز بە بەشداری کۆمەڵێک کەسایەتی ناودار لە پلەو رەگەزە جیاوازەکان ئاهەنگەکە بەرێوەچووە. (خۆشناو، ٢٠٠٦: ١٠٢-١٠٣ ؛ شارەزا و ئەوانی دیکە، ٢٠٠٩: ٤٦٢-٤٦٣). لە ٢٢ کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٧ دوای ئەوەی کۆماری کوردستان لە مهاباد کۆتایی هات. پێشەوا لە سێدارەدرا، لەگەڵ لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرەکە لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ ئەوانیش (خەیروڵلا عەبدولکەریم(١٩١٢-١٩٤٧) ، محەمەد مەحمووود قودسی(١٩٢٢-١٩٤٧)، عیزەت عەبدولعەزیز(١٩١١-١٩٤٧)، مستەفا خۆشناو(١٩١٠-١٩٤٧)). (شاویس، 1985: 52 ؛ کۆچێرا، ٢٠٠٦: ٢٤٧ ؛ سەردەشتی، ٢٠٠٣: ٢٢٩-٢٣٤).

بە بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لەکۆیە رێپێوانی جەماوەری بۆ ئیدانەی ئەوکارەی حکومەت کرا. (عەلی عەبدوڵڵا) بەشداری کرد و لەو بارەیەوە رۆڵی سەرەکی هەبوو لە بەرێوەبردنی رێورەسمی بە خاک سپاردنیان ، هەوڵیدا شانەی سەرەکی قوتابیان کۆبکاتەوەو داوای لێیان کرد خۆسازدەن و سروود ئامادەبکەن، لەمەدا داوا لە هەموو کەس کرا کە بەشداری تێدا بکەن، لێرەدا بەتەنگەوە هاتن و پەرۆشی (عەلی عەبدوڵڵا) دەردەکەویت بەرامبەر بەم خەڵکە تارادەیەکی زۆر دژی توندو تیژی دووژمنکارەی رژێمی عێراقی لەبەرچاو بووە و هەوڵیداوە بە شێوازێک رێپێوانەکە بەرێوەببات کە کەسانی بێ تاوان نەبنە نیشانەی گوللەی حکومەت. (سەجادی،١٩٩٦: ١٥٣-١٥٨ ؛ ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١١٤ ؛ جەلال، ب١،٢٠١٩: ٣٥).

بۆ ساڵی دواتر دوای ئەوەی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ڕاپەرینێک لە بەغدا روودەدات بەهۆی واژۆکرنی (پەیمانی پۆرتسمۆس)[1] لەگەڵ بەریتانیا بارودۆخێکی ئاڵۆزی سیاسی دروستکرد بە هەزاران خۆپیشاندەر رژانە سەر شەقام و شارە گەورەکان، لە باشووری کوردستانیش ناڕەزایی خەڵکی لێکەوتەوە، ئەندامانی پارتی بەشداریان تێدا کردبوو، بۆ ئەم مەبەستە پارتی دیموکراتی

[1] پەیمانی پۆرتسموٚث : لە رۆژی ١٥ی ئابی ١٩٤٨ لە نێوان سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتە (ساڵح جەبر) و وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بە ناوی (ئارنیست بیڤن) لە شوێنێک بە ناوی بەندەری پۆرتسمۆس لە کەناری دەریای مانش بوو مۆرکرا، بۆیە بەوە ناونرا. (الحسني ، ج٧، 1974: 234-247 ؛ شبیب، 1988: 62-69).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کورد بە مەبەستی رێکخستنی خەباتی سیاسی گەل و دیاریکردنی دروشمەکان شان بە شانی حزبەکانی دیکە (لیژنەی هاریکاری نیشتمانی) پێکهێنا بە مەبەستی پووچەڵ کردنەوەی ئەم پەیماننامەیە. (الحسني، ج7، 1974: 297 ؛ بۆتانی، ١٩٩٨: ٧٩ ؛ قادر،" گۆڤاری مێژوو"، زستانی ٢٠٠٧، ل١٤٣).

لە رۆژی ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ لە شاری کۆیەش خۆپیشاندان بەڕێوەچوو، پارتی بە هاوکاری حزبی شیوعی بەشداربوون، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە نوێنەری کۆیە لە پەرلەمانی عێراق دەستی لە کار کێشایەوە، وەک دەربڕێنێکی نارەزایی بەرامبەر ئەم پەیمانە، ئەم خۆپیشاندانە لە کۆیە لە مەیدانی سەرای کۆیە دا سازکرابوو، عەلی عەبدوڵلا لە جیاتی پارتی ناوەڕۆکی دەست لەکارکێشانەوەی کاکە زیادی خوێندەوە ، مام جەلال لە گێڕانەوەی وتارەکەدا دەڵێت عەلی عەبدوڵلا دەستی پێکرد و گووتی:"مژدەبێ لە گیانی پاکی قازی محەمەد و هاورێکانی چوار ئەفسەرەکە".(مام جەلال، ٢٠١٩: ٣٧-٣٨). لەم روانگەیەشەوە عەلی عەبدوڵلا دیارترین وتاربێژی چالاکوانی ناو خۆپیشاندانەکە بووە و رۆڵی کاریگەریی بینیوە لە هاندان و رێکخستنی خۆپیشاندن و رێپێوانەکان.("برایەتی" ، ١٩٩٧/١/٢٧، ل٢ ؛ دڵزار، ١٩٩٨: ٢٠ ؛ عومەر، ٢٠١٣: ١٧٤-١٧٥). لە ئەنجامدا بووە مایەی رووخانی حکومەتەکەی ساڵح جەبر و پووچەڵکردنی پەیمانەکە و دامەزراندنی حکومەتی نوێ. (الحسني ،ج٧ ، 1974: 282 ؛ دزەیی، ب1، ٢٠٠٩ :٤٣-٤٤).

شایەنی باسە، لەگەڵ گەیشتنی (نووری سەعید) بە دەسەڵات لە ١٩٤٨/١/٦ و ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی کە ئامانجی پاکردنەوەی وڵات لە کۆمۆنیستەکان بوو، ژمارەیەک لە سەرکردەکانی حزبی شیوعی کەوتنە بەر ئەم شاڵاوە. (عەبدوڵلا، ١٩٦٨: ٦٦-٦٧). ژمارەیەک ئەندامانی پارتیش تۆمەتبار کرابوون بە ئەندام بوون لە (پارتی کۆمەنیستی عێراق)، کە ژمارەیان ٦٠-٧٠ کەس بوو. (خرسان، 2001: ٥٨ ؛ ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١١٦).

عەلی عەبدوڵلا بەدەر نەبوو لەم گرتنە بەهۆی ئەوەی ئەندامێکی چالاک بوو، ساڵی ١٩٤٩ لەگەڵ (عومەر حەبیب ١٩٢٣-١٩٧٦) لە مەحکەمەی عورفی لە بەغدا داواکرابوون، لەگەڵ گەیشتنی ئەم هەواڵە خۆیان بە دەستەوە نەدا، ماوەیەک لە لەلای کەسێک بە ناوی (شێخ نەسرەدین تاڵەبانی) خۆی حەشاردا، دوای کەمێک هێوربوونەوەی بارودۆخەکە بە نهێنی هاتوونەتەوە کۆیە و لەماڵی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جوولەکەیەک بە ناوی (ناحوم) کە خۆشی ئەندامی ئەم حزبە بووە ، چەندین شەو داڵدای داون، ماوەیەکیش روویان لە هەولێر کردووە و دواتر بۆ بەغدا دەرباز کراون و لەوێش پەنایان بۆ (کاکە زیاد) بردووە بۆ گرتنی پارێزەرێک، حکومەت ئاگاداری هەنگاو بە هەنگاوی عەلی عەبدوڵڵا بووە، خۆشبەختانە کارەکە یەکلای بووەتەوە و ئازادکراون، ئەمەش بە جارێک تەواو نابێت بەڵکو چەندین جاری دیکە تووشی گرتن و خۆشاردنەوە بووە. (جەلال، ب١، ٢٠١٩: ٥٣ ؛ عەونی، ٢٠٢١: ٣٨٢).

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٩ ، هەمزە عەبدوڵڵای سکرتێری پارتیش لە ریزی گیراوەکان بووە، پارتی بێ ناوەند مابووەوە و ڕێکخستنەکانی پارتی لەم ماوەیەدا تووشی لاوازی ببوو، هاوکات رۆژنامەی ڕزگاریش لەکار کەوتبوو. (کریم، 1998: 42). بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە لە سەرەتاکانی ساڵی١٩٥٠ کۆمەڵێک لە ئەندامانی کۆیە لیژنەیەک پێکدەهێنن لەوانە : عەلی عەبدوڵڵا، بەکر ئیسماعیل ، عەبدولکەریم تۆفیق ، حەمەدەمین مەعروف و حبیب پارێزەر بە یارمەتی کاکە زیاد رێکخراوی ناوەندی حزب رێکدەخەنەوە ڕێ بۆ کۆنگرە خۆش دەکەن، بەڵام ئەم لێژنەیە سەرکەوتوو نەبوو بۆ باشتر کردنی ڕەوشی ناوخۆی حزب. (کریم، 1998: 42 ؛ بارزانی، ب١ ، ٢٠٢٠:٤٥٠ ؛ جەلال، "خاک " ، ژ(٢٠)،١٠ی شوباتی ١٩٩٩: ل ٨).

هەربۆیە کۆنفراسێک لە (بەغدا) دەبەسترێت بە بەشداری نوێنەری گشت شارەکان و لە کۆیە (عەلی عەبدوڵڵا و عەونی یوسف) بەشداربوون ، ئەنجامی ئەم کۆنفرانسە کۆمیتەی مەرکەزی نوێ دیار کرا، کە ئەمانەبوون: مستەفا کەریم ، ساڵح روشدی، محەمەد مووسا سادق، عەونی یوسف، علی حەمدی و عەلی عەبدوڵا ، کە زۆربەیان مارکسی بوون، مام جەلال بە لێژنەی لاواز ناویانی بردووە ، بەڵام لای سەیر بووە کە عەلی عەبدوڵڵا بەشداری کردووە، چونکە کەسێکی چالاک و چاک بووە شارەزای باشی لە مارکسیەت و لینینیەت هەبووە. (بارزانی، ب١، 20٢٠: ٤٥١ ؛ جەلال،" خاک "، ژ(٢٠)، ١٠/شوباتی ١٩٩٩ ، ل٨-٩ ؛ جەلال،ب١، ٢٠١٩: ٧٢). لەبارەی ڕۆڵی لەم کۆنفرانسە حەبیب محەمەد کەریم بە شێوەیە دەڵێت: "عەلی عەبدوڵڵا لە کتێبەکەی خۆی باسی ئەم کۆنفرانسەی نەکردووە ، سەرەڕایی ئەوەی یەکێک بووە لە دیارترین و کاریگەرترین کەسایەتی ئەم کۆنفرانسە". (کریم، ١٩٩٨: ٤٣).

ئەنجام کۆنگرە بڕیاری هەڵپەساردنی هەمزەی دا، چونکە خۆی داوایکرد کە ماوەیەک لە ئەندامیەتی بیوەستێنن و هیچ لێپرساویەتی نەدرێتێ، ئەم داخوازییە بووە مایەی تووڕەبوونی هەردوو لیژنەی ناوچەی کۆیە وسلێمانی، ناڕازی بوون لەم بڕیارە لێژنە ناوچە ناچار بوو کە مەکتەبی سیاسی نوێ لە هەمزە و عەلی عەبدوڵڵا و عەونی یوسف پێک بێنن و هەمزە ببێتەوە لێپرساویەتی یەکەم. (بارزانی، ب١، 2٠20: ٤٥١-٤٥٣).

بەڵام هەر زوو ئەندامان لەگەڵ هەمزە بووە دەمەقاڵیان بەهۆی رووداوێک، ئەویش چاوپێکەوتنێک بوو لە نێوان هەمزە عەبدوڵڵا و لێپرساوێکی باڵوێزگەی بەریتانیا لە رێگەی کەسێکەوە ، دوای کۆبوونەوەیەک بە یەکەوە هەمزە داوای لە عەلی عەبدوڵڵا کردووە کە لای کەس باسی نەکات، بەڵام عەلی بە رەزامەندی هەمزە بە عەونی یوسفی گووتووە، دواتر چەند کەسێکی دیکەش زانیبوویانەوەو لە نێوان خۆیان هەمزەیان بە جاسوس بۆ ئینگلیز تاوانبارکردووە. (بارزانی، ٢٠٢٠: ٤٥٢). بەهۆی ئەمە ناکۆکییەکی تووند ڕیزەکانی پارتی گرتبۆوە و بە سەر سێ باڵ دابەش کرابوو بوون، باڵی یەکەم (هەمزەیی)ـەکان بەشێکی زۆری ئەندامانی پارتی لەم باڵە بوون، باڵەکەی دیکە بە (ساڵحی)یەکان ناویان بردبوو، سەبارەت بە باڵی سێیەم بێلایەنەکان بوون، جێگەی ئاماژەیە لەم فرە باڵەدا رۆڵی عەلی عەبدوڵڵا سەربە هیچ لایەنێک نەبووەو خۆی پاراستووەو زۆر پەرۆشی یەک ریزی رێکخستنەکانی پارتی بووە ، هەروەکو مام جەلال دەڵێت: "عەلی عەبدوڵڵا لایەنگری ئەوە نەبوو کە تۆمەت بە پاڵ مامۆستا هەمزە بدرێ بەڵام لە هەڵوێستەکەشی{هەمزە عەبدوڵڵا} ڕازی نەبووە". (جەلال،"خاک"،ژ(٢٠)، ١٠/شوباتی ١٩٩٩: ل ٨- ٩).

لە نێوان ئەم فرە باڵەدا کۆنگرەی دووەمی حزب لە ١٣-١٤ی ئاداری ساڵی ١٩٥١دا لە ماڵی (عەلی حەمدی)[1] لە گەڕەکی ئەعزەمییە لە شاری بەغدا بەسترا، کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی لیژنە ناوخۆییەکان بەشداریان کردووە لە سلێمانی ، هەولێر و بەغدا . کۆنگرە بڕیاری دا کە نابێ هەمزە بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرێتەوە، هەروەها ئەندامانی پێشوو هەڵنەبژێردرانەوە ، (عەلی عەبدوڵڵا و عەونی یوسف) خۆیان نەپاڵاوتەوە، لەم کۆنگرەیەدا پلەی سکرتێر نەبووە و

[1] عەلی حەمدی: یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد لە کۆنگرەی دووەم و سێیەمدا بە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی هەڵبژێردرا، لە ساڵی ١٩٦٤ تیرۆرکرا. (قادر، ٢٠٠٥: ١٢٨-١٢٩).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەندامەکانی کۆمیتەی ناوەندی بریتی بوون لە (ئیبراهیم ئەحمەد ، نوری شاوەیس، جەلیل هۆشیار، عومەر مستەفا، بەکر ئیسماعیل، محەمەد ئەمین مەعرووف). (عبدلله، ١٩٦٩/١/١: ٤٧-٤٨ ؛ خرسان، 2001: ٦٠؛ ساڵح ٢٠٢١: ٢٩-٣٨). هەروەها بە پەسەندزانرا کە هەمزە لە سلێمانی بێت هاوکاری کۆمیتەی ناوەندی بکات. (عەبدوڵلا، ١٩٦٨: ٧٠ ؛ "برایەتی"، ژ(٢٠٢٠)، ١٩٩٤/٨/١٦، ل٤-٥ ؛ بارزانی ٢٠20: ٤٥٥).

هەمزە عەبدوڵلا نەچووە ژێر باری ئەم بڕیارە هەر لە دوای ئازادکردنی بە ماوەیەکی کەم پەیوەندی بە بەشێک لە ڕێکخستنەکان کرد و کۆمەڵەیەکی نوێی بە ناوی (بەرەی پێشکەوتن – پارتی دیموکراتی کورد) پێکهێناوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (قادر، ٢٠٠٥: ١٣٠؛ ئەمین، ٢٠١٧: ٢١بەدواوە).

دوابەدوای ئەم بارودۆخە لە ڕۆژی ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٥٣ بە نهێنی لە شاری کەرکووک کۆنگرەی سێیەم بەسترا. (عەبدوڵلا، ١٩٦٨: ٧١ ؛ کریم، 1998: 49). دوای گفتووگۆی کارنامەی کۆنگرەو دانانی نەخشە و ڕێبازی پێشکەوتووخوازی چەپ بۆ ڕێکخستنەکانی پارتی، چەند بڕیارێک درا. (مەکداول، ٢٠١٩: 468 ؛ کریم ، ١٩٩٨: 49-50). ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق جێگەی پارتی دیموکراتی کوردی گرتەوە، ئەمەش دیارە بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی نەتەوەیی لە ڕێکخستنەکانی پارتی. (کریم، 1998: 49-50) گۆڕینی پرۆگرامی پارتی بە ئاراستەی چەپ و هەڵگرتنی بیروباوەڕی (مارکسیسزم - لینینیزم)، دەرکردنی هەمزە عەبدوڵلا لە ریزەکانی پارتی و قبوڵ نەکردنی (عەونی یوسف) لە کۆنگرەدا بەهۆی جووڵانەوەی پێچەوانەی بڕیارەکانی کۆمیتە. (عەبدوڵلا، ١٩٦٨: ٧٢ ؛ شریف، ١٩٨٩: 177).

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان گۆڤاری رزگاری بووە بە زمانی عەرەبی و کوردی دەرچووە (ساڵح، "ئەکادیمیایی کوردی"،ژ (٣٤)، ٢٠١٥: ل١٧٣). لێژنەی نوێش هەڵبژێردرا (مستەفا بارزانی - سەرۆک ، برایم ئەحمەد- سکرتێر، عەلی عەبدوڵلا، میرحاج ئەحمەد، جەعفەر محەمەد کەریم، نووری شاوەیس ، نووری ئەحمەد تەها، جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە(١٩٢٤-١٩٩٢)، جەلیل هۆشیار، رەشید عەبدولقادر، محەمەد ئەمین معروف.(شریف، ١٩٨٩: 177 ؛ قادر، ٢٠٠٥: ١٣٢). هەر لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم کۆنگرەیە خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان شێوازی نوێی بەخۆیەوە بینی وەکو: چاکسازی کردن لە گشت لایەنەکان بە نموونە لە بواری کشتوکاڵ و باشکردنی بارودۆخی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جوتیاران و دژایەتیکردنی دەربەگایەتی و خێڵەکی و خۆماڵیکردنی نەوت و پارێزگاری کردن لە مافی کرێکاران لەگەڵ چەندین گۆڕانکاری دیکە.(عومەر ٢٠١٣: ١٣٧).

لە پرسی کرێکاراندا عەلی عەبدوڵلا زۆر گرینگی بە مافی ئەم توێژە داوە زۆریش هەوڵیداوە یارمەتیان بدات لە رووی باشترکردن و پەیداکردنی جێگاو رێگا، کارکردن و هاتووچۆیان و کرێی مانگانە و ڕۆژانەیان، بە نموونە لە کارکردنی لە پرۆژەیەک سەرەتای ساڵی پەنجایەکان ، یەکێک لە کرێکارەکان لەگەڵیان کاریکردووە لە یادداشتێکی ئاماژەی بەوە داوە کە کاتژمێری کارکردنی کرێکارەکان زۆربووە، ئەوانیش مانیان گرتووە، چەند رۆژێک دواتر هەواڵەکان لە بڵاوکراوەکانی ئەوکاتەی حزبی شیوعی بڵاوکراوەتەوە، پاشان لە هەولێر و شارەکانی تریش بە ناوی مانگرتنی کرێکاران دەنگی داوەتەوە ، بۆ ئەم مەبەستە نزیکەی سی تا چل لە کرێکارەکان داوایان لە عەلی عەبدوڵلا کردووە بۆ ئەم کارە، ئەویش سەرەتا ڕازی نەبووە، بەڵام دواتر لەگەڵیان داکۆکی کردووە لەم بابەتە و بۆ ڕۆژی دواتر کارەکە جێبەجێ کراوەو لەوە بەدواوە لە کۆیە بوو بە دەستوور کە کرێکار بۆی هەیە لە هەشت سەعات زیاتر کار نەکات لە ڕۆژێکدا.(شەوڕۆ، ٢٠١٥: ٢٥-٢٨).

لەمیانەی ئەم بابەتەدا، کۆیە ببووە مەڵبەندی ململانێی حزبە سیاسییەکان بە تایبەت لە نێوان شیوعی و پارتی جموجۆڵ و چالاکی سیاسی و کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی و خۆپێشاندانی جەماوەری بۆ ڕاکێشانی لایەنگر پەیداکردن بوو ، پارتی و شیوعی بە ئاشکرا ململانێیان دەکرد بە تانەو تەشەر توانجیان لە یەکتر دەگرت. (برایم، ٢٠٠٨: ٨٣). بەڵام ئەمە کاریگەری نەکردبووە سەر ئەوەی کە عەلی عەبدوڵلا لە پەیوەندی دابڕێ، بەڵکو لە بواری سیاسی و جموجۆڵەکانی بەردەوام بوو لەگەڵ حزبەکانی دیکەی وەکو حزبی شیوعی، ئەوکاتەش لە کۆیە حزبی شیوعی لە پاڵ پارتی رۆڵی گەورەی هەبووە، لە رووی سیاسییەوە عەلی عەبدوڵلا ئاگاداری هەواڵ و رۆژنامەکانیشیان بووە ، رەخنەشی لێیان گرتووە، وەک گۆڤاری (قضايا السلم والإشتراكية) کە لە پراگ دەردەچوو، گۆڤاری (الشبيبة العالمية) ، (المراءة العالمية)و بڵاوکراوەکانی چاپخانەی (القاعدة). (رسول٩٢:١٩٩٧).

لەم ماوەیەشدا لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٣ حکومەتی عێراق بڕیاریدا هەڵبژاردن بکرێت نوێنەرەکان هەڵبژێرن. لە کۆیە دوو بەربژێر هەبوون ئەوانیش (مەسعود محەمەد) پاڵێوراوی پارتی بوو، لەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بارەیەوە عەلی عەبدوڵلا وەک ئەندامی سەرکردایەتی ڕۆڵی گەورەی بینی لە هاندانی ، لەگەڵ (مەلا حەوێز ئاغای غەفوری) لەسەر خواستی میری عێراق بوو هەر خۆشی دەیویست ئەم دەربچێت. (رسول، ١٩٩٧:٩٣ ؛ تەیب، ٢٠٠٨:١٨٠ ؛ برایم، ٢٠٠٨: ٨٣).

بەو هۆیەوە پشێویەکی گەورە لە کۆیە روویدا لەگەڵ دەستپێکردنی ڕۆژی دەنگدان خۆپیشاندان روویدا. (رسول١٩٩٧: ٩٣). بەرابەرایەتی حزبی شیوعی شاڵاویان هێنا، لە رۆژی ١٩٥٣/١/١٧ سەعات ١١ی بەیانی خۆپیشاندەران کەوتوونەتە کوچە و کۆڵانەکان بۆ سەر سندوقی دەنگدان بەمەبەستی پووچەڵکردنەوەی هەڵبژاردن، بەمجۆرە هەڵبژاردن سەری نەگرت. (برایم، ٢٠٠٨: ٨٣). لەلایەن عەلی عەبدوڵلا زۆر هەوڵدراوە ئەم بارودۆخە هێور بکرێتەوە، بەڵام سوودی نەبووە دواتر حکومەت ئەو هەڵبژاردنەی لە کۆیە ڕەت کردووەتەوە بەهۆی ئەم ڕووداوە. دەرئەنجام بە هۆی داکۆکی زۆری پارتی و دەستڕۆیشتووی کاکە زیاد ، (مەسعود محەمەد) بە نائیب دەرچوو و ڕۆڵی گەورەی بینی لە داکۆکی کردن.(رەسول، ١٩٩٧:٩٣؛ ئەسعەد،٢٠٢١/٢/١١).

پارتی بەردەوام بوو لە رێکخستنی ریزەکانی ، هەوڵیدا گفتوگۆ لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی لقی کوردستانی حزبی شیوعی بکات کە پێشووتر جیا ببوونەوە، ئەوانیش بڕیاری هەڵوەشانەوەی خۆیان داو هاتنەوە ناو ریزی پارتی، پارتی لێژنەی مەرکەزی نوێیان لەوانە پێکهێنا: (عەلی عەبدوڵلا، جەلال تاڵەبانی، هەمزە عەبدوڵلا، عومەر مستەفا، محەمەد ئەمین مەعروف، نەژاد ئەحمەد عەزیز، خەسرۆ تۆفیق، ساڵح حەیدەری، حەمید عوسمان) ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەلایەن ئەم لیژنەیە هەڵبژێردران ، ئەم یەکگرتنە ساڵی (١٩٥٧) بوو بەناوی (بەرەی نیشتیمانی یەکگرتوو) پێکهات (قادر، ٢٠٠٥: ١٣٥)

لە ئاکامی ئەم یەکگرتنە بووە مایەی تێکچوونی پەیوەندی نێوان پارتی و حزبی شیوعی عێراقی بە تایبەت لە کاتی دامەزراندنی (بەرەی یەکێتی نیشتمانی)[1] ساڵی ١٩٥٧ لە نێوان حزبەکان پارتی لە دوای هەوڵدانێکی زۆر نەیتوانی ببێتە ئەندام تێیدا، خراپبوونی ئەم پەیوەندیان بووە مایەی ئەوەی

[1] لە ١٩٥٧/٣/٩ لە نێوان (حزبی شیوعی عێراق، حزبی نیشتمانی دیموکراتی، حزبی سەربەخۆیی، حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی) بەرەیەکیان پێکهێنا ، ئامانجیان بریتی بوو لە (دەرچوون لە پەیمانی بەغدا و لابردنی حکومەتی نووری سەعید)، بەهۆی جیاوازی بیروڕای پارتە عەرەبیە شۆڤێنییەکان پارتی نەیتوانی ببێتە ئەندام. (طالباني، 1970: 172).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە جۆرێک کە لە ١٩٥٧/٧/١٥ راپۆرتی بەریەچدانەوەی ئەم کارە بڵاوکردەوە هێرشی کردە سەر پارتی و بەوە تۆمەتباری کرد کە خزمەتی داگیرکەران دەکات و کۆمپانیا قۆرخ دەکات، ئەمانە کاریگەریان لەسەر نەبووە بەڵکو پارتی گروتێنێکی دیاری بە خۆیەوە بینی بەوەی کە هەوڵیدا هەموو ئاراستە جیاوازەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. (الطالباني، 1970:١٧١ ؛ خرسان، 2001: 60 ؛ قادر، ٢٠٠٥: ١٣٥). گۆڕانی شێوەی حوکمرانی عێراق لە پاشایەتی بۆ کۆماری لەگەڵ رووداني شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، سەرەتای قۆناغێکی نوێ دەستی پێکرد، بووە مایەی دانانی دەستوورێکی کاتی کە گەلی عەرەب و کورد بوونە هاوبەش تیایدا، سەرکردایەتی پارتی، عەلی عەبدوڵڵا لەو نێوەندەدا ، وەکو ئەندامێکی چالاکی لێژنەی مەرکەزی حیزب، رۆڵی گەورەی بینی لە رووداوەکانی و دواتر گرینگی بە خەباتی سیاسی دبلۆماسی داوە. (ئامانج، ٢٠٠٩: ل١٤٩ ؛ ئەسعەد، ٢٠٢١/٢/١١).

## دەرئەنجام:

لەو توێژینەوەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە عەلی عەبدوڵڵا رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە رووداوە مێژووییەکانی کوردستان لەو ماوەیەدا ، بەڵام کەمتر تیشکی خراوەتە سەر. عەلی عەبدوڵڵا لە سەرەتای تەمەنی لاویەتیدا تێکەڵ بە کاری سیاسی کوردایەتی بووە وەک لاوێکی نیشتیمانپەروەر لە رووداوەکانی ئەو سەردەمەدا بەشدار بووە، ئەو بە یارمەتی و پشتگیری بنەماڵەکەی لە پاڵ خوێندنی ئەندازیاری هەوڵی خوێندنەوەو وەرگرتنی زانیاری بووە دەربارەی کۆمەڵەو رێکخراوی ئەو سەردەمە بەتایبەتی بیرۆکەی مارکسی ، تەنانەت وایکردووە بچێتە قووڵای و ناوەرۆکی ئەم رەوتە نوێیە تا کۆتای ژیانیشی بەردەوام بووە لەسەری.

لە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەم رۆڵی سەرەکی گێراوە و کەسێکی چالاک بووە لە گۆڕینی ئاراستەی رووداوەکان، تەنانەت چارەنووسی حزبی شۆڕش بە بڕیار و راسپاردەی ئەو گرێدرابوو. عەلی عەبدولڵا بەشداری لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد کردووە کە پێویستی گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەم بوو، لە پاڵ هەوڵەکانی عەلی عەبدوڵڵا بەردەوام بوو بە گڕوتینێکی تازەوە لە چالاکییەکانی بەردەوام بوو و کۆیە بنکەی سەرەکی ناوبراو بوو بەرپرسی یەکەمیش بوو لەم شارۆچکەیەدا و هەوڵیدا لەگەڵ زۆربەی گۆڕانکارییەکان ئەم پارتە نوێیە ئاشنا بکات و بەرەو پێشی ببات، بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ گۆڕینی شێوەی حوکمڕانی لە پاشایەتی بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆماری، ڕۆڵی دیاری لە ڕووداوەکان و بەستنی پەیوەندی دیبلۆماسی لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورددا هەبووە.

## سەرچاوەکان:

**بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:**

1. الدولة العراقية، اللواء: أربيل، دفتر نفوس، الصادر في : ١٩٦٤/١٠/٧، رقم: 158800.
2. الجمهورية العراقية، المحكمة الشرعية كويسنجق، (1960/2/4) تذكرة الاذن بالنكاح، عدد(56) .
3. الحكومة العراقية، وزارة المواصلات والاشغال، اجازة مدرسة الهندسة، 1945/6/30.
4. پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق/ مەکتەبی سیاسی، ژمارە (٤٢١٠)، ١٩٨١/٩/٣.
5. جمهوری اسلامی ایران، وزارت کشور/ دفتر چە اقامت پناهندگی:1353/1/12 پیرانشهر.

**کتێب/ بە زمانی کوردی:**

1. پرۆژەی سەنتەری دیراسات وتوێژینەوەو ئەکادیمیای پارتی، (٢٠١٩) ، دیرۆکی خولەکانی کادیرانی پارتی، لە شاخەوە بۆ شار ١٩٦٨-٢٠١٤. چ١ ، هەولێر.
2. تاڵەبانی، جەلال (٢٠١١)، کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ح– ا: لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، سلێمانی.
3. مەکداول، دیڤید (٢٠١٩)مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
4. سەردەشتی، یاسین خالید (٢٠٠٣)، کوردستانی ئێران (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد ١٩٣٩-١٩٧٩) سلێمانی.
5. عومەر، شێرکۆ فەتحوڵا (٢٠١٣)، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە عێراقدا ١٩٤٦ –١٩٧٥، و: سوارە قەڵادزێی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.
6. عەبدوڵڵا، عەلی (١٩٦٩/١/١)، کورتەی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان/ مەکتەبی سیاسی مەعهەدی کادیران.
7. عەبدوڵڵا، عەلی (١٩٦٨)، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەمی، ب.ج.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8. جاف، وریا (١٩٩٦)، مێژووی رۆژنامەگەری پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦-١٩٩٦ ، چ١، چاپخانەی خەبات، دهۆک.
9. حوێزی، طاهر احمد (١٩٨٤) مێژووی کۆیە، ب٢، چاپخانەی نمیر، بەغدا.
10. حەمەدئەمین، ئەحمەد (٢٠١٧)، پارتی دیموکراتی کورد- عێراق بەرەی پێشکەوتوو (١٩٥١-١٩٥٦)، چ١، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
11. دزەیی، موحسین(٢٠٠٩)، وێستگەکانی ژیانم، و: ئیسماعیل بەرزنجی، بەشی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
12. سالّح، ئازاد عوبێد (٢٠٠٧)، کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر رۆژنامەوانیی کوردی (١٩٦١-١٩٧٥) چ١، بەڕیوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.
13. سەید برایم، رەهبەر(٢٠٠٨)، سایەی هەیبە سوڵتان، چاپخانەی بینایی.
14. سالّح،سدیق و سالّح، رەفیق(٢٠٢١)، لە بەڵگە نامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦-١٩٦٣، زانکۆیا و بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین، دهۆک.
15. شارەزا و ئەوانی دیکە(٢٠٠٩)، کۆیە لە رەوتی شارستانیەتدا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.
16. عەزیز، حسێن محمەد (٢٠٠٢)، خولانەوە لە بازنەی بۆشدا /دەقی چاوپێکەوتن و دەمەتەقێیەک لەگەڵ جەرجیس فەتحوڵڵای پارێزەر، سلێمانی.
17. عەلائەدین، عەبدولخالق (٢٠١٤)، کۆیە و ناودارانی، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر.
18. عەونی، فەرهاد (٢٠٢١) ، عەونی لە نێو کەشکۆڵەکەی تاهیر ئەحمەد حەوێزی و چەند بابەتێکی دیکەدا، کوردستان.
19. قادر، مەهدی محەمەد (٢٠٠٥)، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨. بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.
20. کریس کۆچێرا، (٢٠٠٦)، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەمدا، و: حەمە کەریم عارف، چاپخانەی شڤان، سلیمانی.
21. مەلا قادر، محەمەد (٢٠٠٧)، کورتە مێژووی پارتی و کولتووری بارزانی نەمر، چ٢ ،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
22. شەورۆ، فازیل(٢٠١٥)، هەورازەکانی کاروانی تەمەنم (یادەوەرییەکانی حەسەن کاکە)، چ٢ ، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


23. بارزانی، مسعود (٢٠٢٠)، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ب١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە رۆژهەڵات، هەولێر.

24. یاسین، برهان ابابکر (٢٠٠٠)، کوردستان في سیاسة القوی العظمی 1941 – 1947، ت: هواس، کوردستان، دهوك.

25. ئیبراهیم، لوتفیە (٢٠٠٢)، هەندێک لە بیرەوەریەکانی بەهیە خان، چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.

26. ئەحمەد، ئامانج حەسەن (٢٠٠٩)، برایم ئەحمەد ١٩١٤-٢٠٠٠ ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی و رووناکبیری گەلی کورد، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

27. ئەسەسەرد، فەرید(٢٠١٢)، رەهەندەکانی بیری سیاسی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهان. چ٢، سەنتەری لێکۆڵینەوەو ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

28. ئەحمەد، کەریم (٢٠٠٧)، رێڕەوی تێکۆشان بیرەوەریەکانی کەریم ئەحمەد، و: جەلال دەباغ، چاپخانەی ، رەهەند سلێمانی.

29. بۆتانی، کاکە مەم(١٩٩٨)، کاکی کاکان (خەباتی سیاسی عومەر دەبابە)، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.

30. تەیب، جەمال فەتحوڵا(٢٠٠٨)، کۆیە ١٩١٨-١٩٥٨ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسیی، چ٢، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

31. جامباز، طارق(٢٠٠٥)، حزبی هیوا لە لیوای هەولێر، چ١، لە چاپکراوەکانی گۆڤاری یاسا پارێزی، هەولێر.

32. خۆشناو، شوان محەمەد ئەمین (٢٠١٢)، هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٣)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

33. خۆشناو، عوسمان مستەفا (٢٠٠٦)، لەگەڵ ڕۆژگاردا/ گەڵا وەریوەکان - بیرەوەری عوسمان مستەفا خۆشناو (١٩٢٦-٢٠٠٦)، چ١، چاپەمەنی شەهاب، هەولێر.

34. دڵزار، ئەحمەد(١٩٩١)، بیرەوەری رۆژانی ژیانم، ب١-٢، هەواڵنامەی کتێب، ستۆکهۆڵم.

35. ___، ئەحمەد(١٩٩٨)، پاشکۆی بیرەوەریەکان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.

36. ڕەسوڵ، فاتیح (١٩٩٧)، لە کاروانێکی دوور و درێژدا کورتەی خەبات و ئەزموونی پەنجا ساڵ، ستۆکهۆڵم.

37. رەشید، سەلاح(٢٠١٩)، مام جەلال دیداری تەمەن – لەلاویەتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ناوەندی رۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

38. زەنگەنە و ئەوانی دیکە (٢٠١٧)، برایەتی رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسییە، چ١، چاپخانەی خانی دهۆک، دهۆک.
39. سەجادی، علاءالدین (١٩٩٦)، مێژووی راپەرینی کورد چ٢، ئێران.
40. گەوهەری، حامید(٢٠١٥)، میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی رێزلێنان، ب١، چ١، دەزگای خێرخوازی بارزانی.
41. موفتی، عەدنان (٢٠١٣)، شەمسەدین موفتی رابەر و سەرکردە ، چ٢، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

**بە زمانی عەرەبی:**

1. اسسرد، فريد(٢٠٠٨)، اتجاهات السياسة الكردية بعد الحرب العالمية الثانية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية.
2. ايغلتن، وليم.(١٩٩٩)، جمهورية مهاباد جمهورية1946 الكردية، ترجمة وتعليق: جرجيس فتح اللة، ط٢ ، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل.
3. البوتاني، عبدالفتاح(٢٠٠٣)، الحياة الحزبية في الموصل ١٩٢٦ - ١٩٥٨، ط١، مطبعة وزارة التربية، اربيل.
4. الحسني، عبدالرزاق(١٩٩٨)، تأريخ الوزارات العراقية، جزء (٧)، ط ٧، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد.
5. حيدري، صالح(2004)، مختارات من مذكرات صالح حيدري، ط2، مطبعة رنج، السليمانية.
6. خرسان، صلاح (٢٠٠١)، التيارات السياسية في الكردستان العراق " قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكردية" ١٩٤٦-٢٠٠١، بيروت.
7. رسول، اسماعيل شكر(٢٠٠٥)، أربيل دراسة تأريخية في دورها الفكري والسياسي1939-1958، مطبعة بينايي بنكەی رۆشنبیری شەهید رێباز.
8. شاوەيس، نوري(1985)، من مذكراتي، منشورات حزب الشعب الدمقراطي الكوردستاني، دون مكان طبع.
9. شاوەيس، رزگار نوري (١٩٩٨)، (رزگاری) ثم (خەبات) لسان حال الحزب الديمقراطي الكردستاني نضال مشرف لاكثر من نصف قرن -عرض تأريخي- ،(١٩٤٦-١٩٩٨)، منشورات مؤسسة برايەتی و خەبات الصحافية.
10. شبيب، محمود(1988)، وثبة في العراق و سقوط صالح جبر، بغداد.
11. شريف، عبدالستار طاهر(١٩٨٩)، الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكوردية في نصف قرن ١٩٠٨-، ط٢، السليمانية.
12. طالباني، جلال (١٩٧٠)، كردستان والحركة القومية الكردية. ط١، منشورات النور، بغداد.

13. كريم، حبيب محمد(١٩٩٨)، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني- العراق في محطات رئيسية(١٩٤٦-1993)، ط١، مطبعة خه بات، دهوك.
14. المزوري، هلبين محمدامين (2008)، حزب هيوا -الامل- (1939-1946) دراسة تأريخية سياسية. ط1. مطبعة حاجي هاشم، اربيل.

**رۆژنامە/ بە زمانی کوردی:**

1. " ئەڤرۆ" ، هژمار(٢٢١٧)، ٢٠١٧/١٠/٢٥.
2. "برایەتی" ژمارە(٢٠٢٠)، ١٩٩٤/٨/١٦ ؛ ژ(٢٢٦٣)، (١٩٩٧/١/٢٧).
3. "خەبات"، ژ (٦٦٥)، ١٩٩٣/٣/١ ؛ ژ (٦٩١)، ١٩٩٣/٩/٨ ؛ ژ (٣٥٥٠)، ٢٠١٠/٨/١٥ ؛ ژ (٣٥٧٠)، ٢٠١٠/٧/٩؛ ژ (٣٦٥٢)، ٢٠١٠/١٢/٢٠؛ ژ (٥٦١٨)،٢٠١٨/١٠/٢٤.
4. "کوردستانی نوێ"، ژ(٥٣٧٩)، ٢٠١٧/١٠/٢٥.
5. "هەولێر" ژ(٢٧١٢)، ٢٠١٧/١٠/٢٤.

**بە زمانی عەرەبی:**

1. "التاخي"، العدد(٧٤٦٤) ،٢٠١٧/١٠/٢٦.
2. "الوقائع العراقية"، عدد( أ-1700)، ١٩٧١/١/١٣ ؛ عدد(٢٣٣٧)، ١٩٧٤/٤/٦.

گۆڤارەکان/ بە زمانی کوردی:

1. مێژووی کۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، گۆڤاری "سەفین"، ژ (٦٠)،(٢٠١٥)، ١٢-١٣.
2. جەلال، مام (١٠/شوباتی ١٩٩٩) ، هەمزەیی و ساڵحی لە ناو پارتیدا، گۆڤاری "خاک"، ژ(٢٠)ساڵی دووەم.
3. عبدلحمید، ئاراس عەبدالخالق و ئەسعەد، حاجی محیەدین (ئازار و ئایاری ٢٠١٨)، عەلی عەبدوڵلا تێکۆشەرێکی گەورەی ئاشتەوایی و یەکڕێزی ١٩٢٢-٢٠١٧ ، "کەکۆن"، ژ (٥٢ و ٥٣).
4. عوسمان، محمود (بەهاری 2008)، شۆڕشی کوردستای عێراق ١٩٦١، "21k"، ژ(1)، ل٤٤-٨٨.
5. ئۆمەر، ئەحمەد حەمەدئەمین، بیرەوەری نوری شاوەیس "هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوە"، گۆڤارا زانکۆیا دهوک، پەربەندا (٢٣)، ل ٤١٠-٤٣١.

بە زمانی عەرەبی:

1. ب. کامیران، (نیسان ١٩٩٦)، الطود الشامخ في يوبليه الذهبي ، گۆڤارا "مەتین"، هەژمار(٥١)،ص ١٠٨-١١١.
2. الملا، أحمد حويز (أب 2003)، لقاء مع الرعيل الأول لرجال التربية والتعليم، أفاق تربوية، عدد(١)، ص 46-57 .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**توێژینەوەی زانستی:**

1. حەسەن، ئارەزوو یوسف(٢٠١٥)، رۆڵی ئۆرگانی ناوەندی پارتەکان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد(١٩٧٥-١٩٩١) (پ.ک.ع) (پ.د.ک) (ی.ن.ک) وەک نموونە ، نامەی ماستەری بڵاو نەکراوە، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر.

**چاوپێکەوتنەکان:-**

1. ئەسعەد، کەمال محیەدین: ٢٠٢١/٢/١١، لە ساڵی ١٩٣٦ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لەوێ خوێندووە، کۆلێژی یاسای لە بەغدا خوێندووە، لە ساڵی ١٩٥٣ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە ، چەندین پلەی حیزبی هەبووە، ئێستا خانەنشینە لە هەولێر دەژی.
2. بەرزنجی، عومەر مەعروف: ١١/٢٢ /٢٠٢١، لەساڵی١٩٤٥ لە بەرزنجە لە دایک بووە، سەرەتایی هەر لەوێ خوێندووە، قۆناغەکانی دیکەی لە سلێمانی تەواو کردووە، (٤٤) ساڵ مامۆستای وانەی ئینگلیزی بووە، چەندین کتێب و بڵاوکراوەی هەیە، ئێستا خانەنشینە لە سلێمانی.
3. حەیدەری، مومتاز : ٢٠٢١/٦/٩، لەساڵی ١٩٣٨ لە شاری هەولێر لە دایک بووەم لە ساڵی ١٩٥٧ چووەتە ناو پارتی دیموکرتی کورستان، لە شێستەکان پەیوەندی بە حزبی شیوعی کردووە، سەرنووسەری چەندین رۆژنامەو گۆڤار بووە، ئێستا لە شاری هەولێر نیشتەجێیە.
4. ساڵح، سەدیق و یوسف، عەبدولرەقیب (تشرینی یەکەمی ١٩٩٨)، دیمانەیەک لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا، سلێمانی، تۆمارکراو.
5. عەبدوڵڵا، هێرۆ عەلی : ٢٠٢١/١/١٧ ، لەساڵی ١٩٦٣ لە کەرکووک لە دایک بووە، سەرەتایی لە بەغدا و سلێمانی و ناوەندی و دواناوەندی لە وڵاتی ئێران خوێندووە و کۆلێژی بزیشکی لە زانکۆی تاران تەواوکردووە ، ئێستا وەکو پزیشک لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی ئینگلتەرە کاردەکات.
6. عەبدوڵڵا، هەڵمەت عەلی : ٢٠٢١/٢/١٤ ،لە ساڵی ١٩٦١ لە کۆیە لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لەبەغدا و سلێمانی لە ئێرانیش ناوەندی و دواناوەندی تەواو کردووە، دەرچووی کۆلێژە لە بەشی ئەندازیاری ئەلیکترۆنی و لە هەمان بواریش ماستەری هێناوەتەوە و نیشتەجێ ئەڵمانیایە .
7. موفتی، عەدنان: ٢٠٢١/٣/١٠ ، لە ساڵی ١٩٤٩ لە هەولێرە لە دایک بووە، بەکالۆریۆسی هەیە لە ژمێریاری لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی کردووە، لەدوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول پەیوەندی بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکات، لە دامەزرێنەرانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بووە، سەرۆکی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بووە، ئێستا خانەنیشینە لە هەولێر نیشتەجێیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8. مامە رووتە، رزگار عەبدولرەحمان: ٢٠٢١/٥/٩، لە ساڵی ١٩٤٨ لە دایک بووە ، سێی ناوەندی تەواوکردووە، ئەندامێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ماوەیەک ئەفسەری ئاسایش بووە ئێستا خانەنشینە.
9. میرانی، فازل: ٢٠٢١/٤/٢٠ ، لە ١٩٤٨/٧/١ لە موسڵ لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٦ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە ، لە ساڵی ١٩٧٩ بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە، لە ١٩٩٦-٢٠٠١ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیری ناوخۆ بووە ، لەساڵی ٢٠٠٤ تاوەکو ئێستا وەک سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کاردەکات.
10. عوسمان، مەحمود: ٢٠٢١/٣/١٤ ، لە ساڵی ١٩٣٧ لە قەزای پێنجوێن لەدایک بووە، کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی بەغدا خوێندووە، لە ساڵی ١٩٥٤ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دامەزرێنەرانی حزبی سۆسیالیست بووە ، ئەندامی پەرلەمانی عێراق بووە ، ئێستا خانەنشینە.

**پێگە ئەلیکترۆنییەکان:**

1. K24 (٢٠١٧)https://www.youtube.com/watch?v=q_8plQb9Cbk، (accessed:23/2/2021).
2. تیشک t.v (٢٠١٧)،https://www.youtube.com/watch?v=xSWUrRJs4k&t=3I8، (accessed:20/2/2021).

## Biography And Role of Ale Abdullah in The Kurdish-Iraqi Liberation Movement Between the Years (1945-1958)

**Prof. Dr. Azad Obed Salih**
Department of History, College of Literature, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
azad.salih3@su.edu.krd

**Hazha Halmat Talaat**
Department of History, College of Literature, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
hazha_halmat@yahoo.com

***Keywords:*** *KDP founded, Politics, Organized, south Kurdistan, communistic*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

## Abstract

The study about the role of Kurdish people and investigate about their different life state in various aspect are very important in Kurdish history, because they are affected most of the important events that have occurred lately, all of the positive results are due to their struggle in the past, and they had a lot of roles in changing the direction of these events. One of the Kurdish political and cultural figures was (Ali Abdulla), who had an important and prominent role in the Iraqi nation's movement for freedom since the twentieth century.

He has been tried to success this movement 70 years continually for Kurdish freedom movement especially and for Kurdistan and especially for the southern part. And without a doubt, his works clearly appear in society and educational aspect. The aim this study is to put emphasis on his role in those groups and parties that he has been an organ of them for a long time, and he was continue according to the changing the political state.

---

## حياة و دور علي عبدالله في الحركة التحررية الكردية- العراقية ما بين سنوات (1958 -1945)

### ملخص:

البحوث عن دورِ شخصيات القومية الكوردية، وعرض محطات حياتهم في التخصصات المختلفة. يُشكل جزءاً مهماً من تأريخ الكورد. لأنّ هذه الشخصيات لها تأثير على أحداثِ حياتهم وبالتالي كانت لنتيجة نضالهم ومحاولاتهم اَنذاك دور في تغير إتجاهاتِ الأحداث.

من الشخصيات السّياسية و الثقافية الكوردية (علي عبدالله) كان له في القرنِ العشرين دورٌ رائدٌ في الحركة التّحررية الوطنية في العراق. حيثُ إستمر في النضالِ السّياسي والمدني والعسكري لمدة (70) عاماً لنصرةِ الحركة التّحررية للقومية الكوردية بشكلٍ عام والعراقية بشكل خاص. بلا شك، كان له أثرٌ واضحٌ في الإتجاهات السّياسيةِ والثّقافيةِ والإجتماعيةِ. هذا البحث لتسليط الضّوء على تحديد وإظهار دور هذه الشّخصية في المجمتمع والحركات التي كان عضواً فيها لسنواتٍ طويلةٍ وإستمراره في النّضال السّياسي وفقاً لتغيراتِ العصر.